# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

**ژمارە ٧ - ٣ی ڕەشەمە ٢٧١٧**

**+ پاشکۆی دووهەمی چیرۆکەڵە**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

فەرهاد سالەحی‌فەر

ناسر فەتحی

مریەم قازی

هیوا شاهیان

شەرمین ساڵحی

شەماڵ ئەحمەددووژن

لەیلا خاکی

ڕەزا فرووغی

بیژەن ڕەحمانی

سەدەف فرووغی

هیوا بەیرامی

سارا سوڵتانی

**پاشکۆی دووهەم "شانۆنامە"**

**شانۆنووسانی ئەم ژمارەیە:**

فەرهاد ساڵحی فەر

هێمن ئەمینی

ناسر فەتحی

شەرمین ساڵحی

موحسین سوبحانی

دابان عەتتار

**تیۆری:**

مریەم قازی

ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە

**چیرۆکی میوان:**

پێدرام کەریمیان

ڕەسووڵ ئاغاپوور

عەلی خەلیلی

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٦٧ ...

**خەیانەت بە زمانی دایکی:**

کاوە شەمسی

**ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**

**ناسر فەتحی**

RAWEZHISM

## «به لایەک ی ..!»



جۆرێک چاو له من دەکەی ئاخۆ من چێم، من به تەنیا هیچم لەدەست نایه تۆش تەنیا

مرۆڤێکی ناو ئاوێنەی و وا نیشان دەدەی له من دەچیت!چاوت زەق دەکەیەوە و پێت وایه لەمن زیاتر حاڵی، بەڵام باش گوێ بگرە من هیچم له ڕەجەبە شێت کەمتر نیه بگرە زیاتریشم، ئەرێ ئەوەش نەگبەتیه دەنا من بۆ دەبێ شوێنی دووکانەکەم ڕێک بەرامبەری مزگەوت بێ ! چاو جۆرێک مەڕوانه من کە دەتوانی پێش بینی بکەی من خەریکم باسی چی دەکەم لەوانەیه له نێوانی قسەکانمدا پەنجەرەی دیوەکەم بکەمەوە و هەڵمیزمه کۆڵان دەی ئاساییه پێشتریش وام کردوە، ڕەجەب ... ڕەجەبە شێت .. من هەموو شتێک له چاوی ئەو دەبینم هەر پێی پەرتم تەرەسه هەموو ئێوارەیەک کاتی نوێژی شیوان دەبێ چاوم به چڕو چاوی بکەوێت زەلامێکی هیچه ملی به نۆ بیوران نابڕدرێتەوە به پێوە هەڵدەمیزی و کەوشەکانی بەسەر پێوە دەکات که به تەنیشتتدا تێپەر دەبێ بۆنی ئەلکۆلی ڕۆژە ڕێیەک دەڕوا هەمیشەش له ڕیزی یەکەم نوێژ دادەبەستی. هەموویان لێێ دەترسن خۆی پێی نێرەکەرە بەڵام من حیسابی پووشکێکیشی بۆ ناکەم من ئەم زەلامانه باش دەناسم هەمووی فش و بایه پخێکی لێبکەی لەخۆی دەڕی چوونکه جارێکیان له غەریبەیەکی داوە وادەزانن تەڕەزانه دەی وەڵا تەڕەماشیش نیه..

دەزانی چۆنه تۆ منیشت وەک خۆت زۆربڵە فێر کردووە بەڵام زۆرهیچی، تاقەتت نیه گوێم لێبگری، ئاخ ئەگەر چەند

کەسی وەک خۆم پەیدا دەبوون بە تەنیا چم لەدەست نایە هەموویان هەر قسەیان هەیە تەنیا یەکتر لایک دەکەن لایک لە ڕاستیدا شتێکی دیکەیە من ڕۆژێک ئەم شتەم بۆ ڕوون بۆوە، گووتم کاکە ڕەجەب لە هیچ و خۆڕایی شەڕی بە کەسێکی غەریب فرۆشتوە گووتیان بە لایەکی گووتم سبەینێ نۆرەی ئێوەش دێ دیسان گووتیان بەلایەکی سەرت نەهێشێنم هەرچی گووتم لە وڵامدا بەلایەکی بوو،من دواتر لە فەیس بووکدا کاتی لایک کردن بۆم دەرچوو کە ئەوە هەر ئەو بەلایەکیەتی دەی ڕێک وایە کابرا وێنەی کووژراوانی شەڕی داناوە لایک..دەی لایکی چی؟ یانی بەلایەکی جا هیچ حاشا حازریشی ناوێ ئاخر گەمژە وێنەی شەڕ بۆ لایک دەبێ یا بۆ گریان و نفرەت کردن دەزانی چۆنە ئەو بەلایەکیە بۆتە بنێشتە خۆشکە چاو لە هەواڵەکان دەکەی، دەچی شت بکڕی، کەسێک دەمری، قەرزداری، نەخۆشی،سەرخۆشی، هەلوێستت بەرامبەری هەموو شتێک بەلایەکیەتی من پێشنیارێکم هەیە من و تۆ و هۆۆۆی تۆ لەگەڵ ڕەجەبە شێت و نا نا بیرم نەبوو ڕجەب لە بەرەی بەرامبەری ئێمەدایە لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە پێیان وایە لایەکی دیکەش هەیە جگە لە ئەم لایە ڕۆژێک دادەنێین دەچینە بەر کامێرای گشتی هەمووەمان لایەکی تریش دەردێنین بەشکم ئەوانی تریش بیریان بێتەوە کە نابابە لایەکی تریش هەیە، من دڵنیام ڕەجەبە شێت سەری سووڕ دەمێنی وەیزانیوە هەر ئەو لایە هەیە کە بە 'ک' وە نووساوە دەبێ گوون ڕەشی خۆی بگاتێ نا دڵنیا بە وای ناخوا..

بێ قەزا بی بەڕاستی پێت وایە من چیم دەم هەڕاشێکی وەک خۆت ؟ مەیکە لایە ک ی تۆم هەر ناوێ بەلایەکی ، بەلایەکی تریشی تۆش چاو ترسێن کراوی تەنیا دەوێری باسی لایەکی بکەی ژیرانە ترین کار ئەوەیە تۆش بە پێوە هەڵمیزی وەک من لە پەنجەرەی ژوورەکەت ڕا بەرامبەری ماڵە جیرانان ، عەمرت نەمێنی بۆ سەر و سەکتت قەت نەبوو کچە جیرانێکی لەبارمان بە قسمەت بێ ، نێوچاوانی منە ئیدی ئەسمەرێکی ڕەشی قاچ و قوول باریک بە قەولی دایکم لینگ هەڵپیتەکاو مۆدی چی و تەڕەماشی چی دەڵێی لەبەر تاعوونێ ماونەوە ئەدی نەتبیستووە دەڵێ " لەبەر ئەو سینگەت دەمرم سەرپاکی بەز و پیوە" بە شەرەفم هەر ئەوان لێی حاڵی بوون جا عەرزی حزووری موبارەکی برای خۆم کەم ئەوە دیسان چرکەمیزەم لێیە دەبێ لەسەر پەنجەرە ڕا هەڵیدێرم جا تۆش زەحمەت بکێشە لایکێکی پێوە نێ تا دێمەوە... " لەماڵ ڕۆیی بەرە و مەکتەب .... لەبەر نازی کچە جیران.... جیهان لەرزی سەماو ئەرزی .......

**فەرهاد ساڵەحیفەر**

## «بادانەوە»

کە لە یوونان بووم، یازدە جار بە قاچاغی، بە فڕۆکە لێمدا، کەچی هەر دەرنەچووم. قاچاخییەکانمان زیاتر بلیتی یەکی شەو بەولاوەیان بۆ دەگرتین. پێیان دەگوتین: پاقلەکان لەم کاتەتانەدا خەواڵوون و دەتوانن وەک گورگی ئایەتەلکورسی بەسەردا خوێندراو بەهاسانی بە پەنایاندا تێپەڕ بن. مەبەستیان لە پاقلەکان پۆلیسەکان بوو. لەوێ هەمووشتێکی جێ مەترسی، ناوێکی گاڵتەجاڕی هەبوو. منیش هەمووجارێک لەوپەڕی بێ باوەڕیمەوە، کە دەگەیشتمە فڕۆکەخانە، دەستەوداوێنی خودا دەبوومەوە و لەدڵی خۆمدا دەمگوت: "خودایە گیان تۆ بڵێی ئەمجارە کەی بگیرێین و زوو بەرماندەن و بەگەڕێینەوە ماڵی قاجاخچییەکەمان و برێک بخەوین؟!" نا نا، ئەوەندەش بێ دەمار نەبووم، بۆ دەرباز بوون و چوونە خاریجێکی خوێڕی بادەمەوە بۆلای خودا، تەنیا بۆ خەو خۆم بۆ دەشکاند.

ئاخ خەو! خەو! خەو! بێخەوی!

بەڵێ، بەر لە دەرچوون، ئەوە گشت فەلسەفەی بادانەوەی من بوو، لەو زلکاوەدا؛ فەلسەفەی خودابوون و خودایی کردنی خەو بەسەرمدا لەهەر باروودۆخێک و لە هەر کەلاوەیەکدا.

**ناسر فەتحی**



## «باران»

سەرقاڵی شنە بایەک، هەنگاو و باران و بەستێن بوو، دەریا فێنک، پەنجەرەکەمان بەردەبوونەوە، پرسیم دەریا، خیزەڵێن،دەوروبەرمان لە بارانە، دیوەکەمان سوخاری تارانی دەویست بتوانی شەوێک، جاروبار لە نێو ئێوارەیەکدا دەکرا ببی بە شنە با، نزیک دەبۆوە نیشانەی دەکرد هەوای لێدەین و کاری نەکراوە دەکرا، تەڕ دەبووم، سەر لە بەیانی کار رازابۆوە بەیانی لەدەرێ هەڵبڕابوو، خوارێ پەردەکانی دەدروشانەوە، با تەڕ و گەیشتمێ پیاسەرەوەکانی دڵم ئاوەڵا، تەڕ و باران دەیەویست رێک نیگا، دارە نەخڵەکان کتووپڕ دیتم، رۆیشتین تەنیا بوو وەکوو تاران، دەتوانی دوو نیگا کە دڵنشینە لە ژێر درەوشاوەیی وردە وردە دا و هەوای نەخل برژاوتر لە شنە، هێشتا ئاو مۆسیقا گەورە بوو بەردەوام باران کاکڵەی رەش ورد بەڵام لە ژێرەوە دوو وتە و گەڕانەوە کرا ساز بەهەوا تەڕە، ئارامە هێشتا تاقمێک شیلەوتین، گەڕامەوە هێشتا نیوەڕۆ لێوی بە بزەوە دەستی لە دەریا هەڵنەدەگرت... هەموو شت ئەوە بوو هیشتا نازانم.

**مریەم قازی**



«...»

چی؟ ڕۆک؟!

"تیەلسنارپت لگووگ"

خوارێ فرێدەیە پردێک لە خۆت دەبێ یان، بنووسە کاغەز لەسەر قسەکانت یان هاسانە زۆر: گوتم من!

نووسەر؟ ببێتە کەسێک ئەوەی هۆی دەبێتە شتێک چ: کرد پرسیاری ئەو.

:"ئیکسفۆکۆب زلڕاچ"↩

**ناسر فەتحی**



(١)

**«ئافراندنی جیهان»**

و سەرەتا هیچ نبوو هەر هەڵە هەبوو.

ئەو هەڵەیەش هەڵەی کرد. هەڵەی دووهەمی هەر دە هەڵە دا ژیا و بوو بە تەوانی دوو، سێ، چوار و... هەڵەکان زاوزێیان کرد زۆر بوون. ئەزقەزا رۆژێک هەڵاتن و جیهان هەلا بە هەلا بوو.

(٢)

**«Lili»**

لە سەر دم دم تۆ لاقت خلیسکا.

"...for every steps...i'll be your guide "

بەفر لاسای کردیوە، بۆیە تواوە. ئینجا زستان خەونووچکە بردی.

"...easy as a kiss we'll find an answer..."

(٣)

**«مەخسەرە»**

زمان خەیالێک بوو، مێشک ڕای هێنا، بوو بە ڕاستەقینە. ڕاستەقینەش بۆ وەی کەم نەهێنێ خەیالێک لە مێشک دروست دەکا. زمان چارۆکەی بەسەر شانی دادا و پێکەنی.

(٤)

**«پاروو»**

هەنار لەسەر نەردەی پەنجەرە ڕاوەستابوو.

نەنکی کووتی: "یا حەزرەتی غەوس هاوار!"

لەگەڵ بانگی مزگەوت، غەوس بەر بۆوە پارووی لە شووشەی پەنجەرەکە داگرت.

**لەیلا خاکی**

**«هێلکە»**

بەردەوام تێک ئاڵابوون. دوو چاوی ئاودەستەوە. کە پشیلەیەکی پیس و چەپەڵ نەکەم. دانیشتم، هێڵنجی دێ. ددانەکانم دۆزییەوە. دەتوت لەچاوی دەکرد.

ـ من ئەمەم نەویستووە، هەمیشە ئەوەت لە بیر نەچێت کە من ئەمەم نەویستووە.

ـ بەڕێزت دەمێکە چاوەڕێیت؟

ـ ئەو دەڵە قۆڕەی دایکی هەڵواسن کە زۆڵی وای ناوەتەوە.

ـ وابزانم دەمانچەی پێیە، لە شوێنێکدا شاردوویەتیەوە.

ـ تۆ لە خۆت نەپرسیوە بۆ تەنها ژن و مێردەکان بەم دەردەوە گرفتار دەبن.

ـ حەز لە شیرینی دەکەیت؟

ـ ئەو ساڵانە من لە کارگەیەکدا ئیشم دەکرد، لە باکوور.

ـ ئافرەتەکە بە دەنگێکی نزمەوە شتێکی وت. پاشان داوای لە پیاوەکە کرد. پاشماوەی ئەو شتانەی بۆ بگێڕێتەوە کە دەیانزانێت.

ـ بلیتێکم دەوێ.

ـ هاتینەوە و هاتینەوە، لە ماڵە بووکێ هاتینەوە.

ـ ئەو سێ قەلەڕەشە بۆ دەرهێنانی دوو چاوە بۆرەکانی پات هاتبوون.

ـ گوو بە ڕیش بابی خەڵکی.

بە توانایەک دەتوت لە چاوی نەدەکرد. وەڵامم دۆزییەوە، نەمزانی کە گوێم وەک ئەوەی سەیرم کردبوو دەرپۆقیبوون.


**هیوا شاهیان**

## «بۆ دەنگی هیچ کەس لە هیچ کەس ناچێ!»

لە غەوارەی شەوەزەنگی بێ بەڵێنی بە دەنگ و درۆ, بە پاساوی ئاوی خواردن لە کووزەڵەی کوێرەکانی, وەدەنگ هاتم. من پارێزەری ئەو دەستانەی کە لە هارموونی شەڕگەی با دا; وەک تەندووری سووڕی دەوران لە ڕێزەی زەیتوونەکانی دەربەندی مانەوە دا; وەک شەپۆلێک خۆی خستە پاڵ ئەو دەریایەی فام ناکرێ بە فوورمولە ژیارەیییەکەی ئەنیشتەین, وەڕێ کەوتم. لە داوێن لووتکەکانی گولانەوە, دەبینم کۆترێکی ڕەش قەتیس بووە بۆ هەناوی ئەو مردووەی ئێستا لە دایک نەبووە. بە سەڕمەشقەکانی پاپەوە, نەشیدێکی گەوواد, دەیترەکێنی بۆ تۆڵەسەگەکانی هاوچەرخ و ڕێک هۆنراوە دەپێچی بۆ چەتەکانی سبەی!

ئەو دەستانەی ئێستا بۆڵدوزیری شەقامی ژیار بە چیمەنتۆی فەلسەفەی با, زیندەخەوی داهاتوو, وا بە سینگی خەم دەناسێتەوە; یان ئەو هیچەی لە قاللورێکی پووچەڵەوە دەم دەخاتە بینەقاقای سووزمانێکی عازەبەوە; بە گۆشتی ئەو مەڕانەی وا وەک بەراز حەرام نەبوون; دەیلکێنێ تنووکەی خوێن بەسەر لەپی ئەو دەستەی وا پەنجەمۆری دەنگ دان واژۆ دەکا و لە چوارچێوەی بەرین دا, دەیڕەتێنی چوارپێی هەوەس بە دانانی کڵاوی شەرعی بە نێوی بڕوا; بۆ مانگرتنی تۆبەی نەسووح لە تەوێڵی حەول و وەلا لەو کاتەی دا من ئێرەیی بە خودا دەبەم.

**بیژەن ڕەحمانی**



**«...»**

زاووزێ حاڵی دەکەن و دەینێرنەوە!

مانگا عەجەمە دەمژێ، براگەورە گۆڕی بابی براچووکەیە،شیری دەڕوا و فارسیزان دو مانگ خۆی دەمژێ،مانگا مانگا، خۆی دەمژێ، ڕسق بەینێ کۆچەی سارد دڵ دەبڕێ، ژانێکە ساتێک ڕادەمێنێ دادەکەی خرۆشاوە بە گوڵی بێرەو، کاڵە دارتێلەکان، پێڵاوەکان دەدرەوشێنەوە، دادەگیرسێ لە قووڵایی لاشەوە، شڵپشڵپ پێچ دەخوا و ڕادەچڵەکێ، لیباسی جوانتر لە باران، قەدی لە دەستی هاڵاند گێژی زاواکەی دا، بیستساڵە دانیشوون و بووکە بەڵەکی قسە دەکەن، یەکپارچە تاقەتی بە ئاگردا کەوت، و بە خۆی و بەسەر پەردەکەی قسەی دەکرد؛ هاوار ئاوەکە بۆتە مار، دەنگە ڕەشی پرچە گەشی تێکدەشکێ، چوو هاڵەکەی دانا، ڕوانی ژوورەکەی هەڵترووشکا، کوڕێکی لاسوور وەک کوڵمی سێو، سەرتاپای بە خەیاڵەوە بوو و چارشێوێکی کرد،ئازیزەکەم قوڵپقوڵپ، زاوا ڕووتە لە خۆی دەدا مانگا مانگا مانگا مانگا....

**شەماڵ ئەحمەد دووژن**



**«...»**

یەکە یەکە وشەکانم هەڵدەقرچاند!

بۆۆۆنیییی گەەەماااارۆۆم دەبیییسسسسســـــ....

ئەوەشم سووتاندبوو؟

Oh me_oh life of the questions of these recurring,

دەبڵیوو. دەبڵیوو , ئانکڵ واڵت...

زەماوەندی وشەکان بوون و یەکە یەکە هەڵدەپەڕین,هەڵدەسووڕین؟؟

گاڵتە بە مێشک, بیر سێبەرێکە لە هەستمان.

TORPEDO The ARK.

**سەدەف فرووغی**



**«...»**

کوڕە هەڵێن هات ......زاری پڕە لە ئاور.

ئەی بۆ چوومەتە ئەم سەرە ..

هر دووک باڵت دەشکێی .. ،

زارا زۆرم خۆش دەوێی

قڕ بووم لە تینوویاتی ،،،

هاوار بۆ لۆچێک خۆین

دوایین ئەزموونمە ،،،

حەک چەن گەرمە ،،،قەڵەمەکەم کوا ؟؟

بیانکووژن ئەم خێریانە ،،،،

فیتوو لێدەدەم،،،،

زارا شیوەکان بشۆ،،

١-٢-٣-٧-٤-٣٠-٣٦٥ــ چەندە بەتامە

چەندە بەتامە ــ١-٢-٣-٧-٤-٣٠ -٣٦٥

دایە پێش برایمی بگرە خەریکە ژومارەکانی ""کتێبی ڕیازیم دەخوا

وشیاري گوللەی بابت بە سەیدەوان .......

جوبریل چەند جوانە!!

بابە ...بابە گیان توخوا مەڕۆ ،،،کوتم توخوا

هەڵێن هات ....هەڵێن هات ......

ئەی هاوار ..........زارا ،،،بابە ،،،جوبریل..سەیدەان ...برایم ...دایە گیان

//سەلاح ،،سەلاح ،، هەستە ،،هەست لە خەو ئەوە دیسان مۆتە گرتووتی ،،،

**ڕەزا فرووغی**

## «تۆئیسم»




شەقام ئاڵقای گەرووم ڕەش ڕەش ڕەش. خۆشەویستی من و تۆ و زەردە کافووری قیرتاو. دەڵێم خۆم لە تیغی تۆ دەی و دەی، دەەەەی. ئەتۆش خوران و هێشانت لێکڕا دەخورێ و سپی سپی بەسەر گەنم و چەقالەیدا حەوت. چەقینم دێ. چەقوچۆی چەقین دەمچەقێنێ. سەرم بەر دەدەمەوە و تابلۆی دووکان دەخوێنێتەوە. لێرە هەموو شتێک بۆ فرۆشتن! قەبری بابی کڕیار بە گۆڕپییەوە، با بە قوونی بارگینی دادا و لە هۆوهەی فت. لێرە هەموو شتێک بۆ فرۆشتن، نانیش دەنکڕی، دانیش دەفرۆشی، مانیش دەفرۆشی، ئای ورکەنانی دەکڕینەوە ورکەنان، کێ ورکەنانی هەیە ورکەنان؟ کۆنە شێعر، کونە دین، کۆنە دایک، تازە کچ. سەرێک بە دەلاقەدا دەڕژێتە تووڕەکەکەم: "ئەی ماچی کۆن؟ ئەی دڵی کۆن؟ یان لێمبکڕە یان کۆنە بە تازەیەکم لەگەڵ بکە." زارم زەق بوو و چاوم زریکاندی. بۆر بۆر دنیام لێ شین بۆوە. چاوم زریکاندی. وەک تاجی کەروێشکیان تێ بەردابێ تاوت لە لینگ دام. ترسم نەیکرد جارێکی ئەمن بیکەم. بەر دەرگای دووکان گرتبوومی و ئەمن بەرم نا، نا، نا. حاجی بە قاپە عارەقەوە کەشیدەی وەسەر نابوو و دەیخوساند لە من. "وەرە ژوور هەتیوە، ڕاوی ئەورۆمە، ئای لەوێ ڕاوێ." لاقی چوونەژوورم گرتی دوو بالان و پشتی تەختی بە دۆڵێدا. مامە مامە، دەیخۆم لەگەڵ مەمە. ژان ڕەنگی سوێر سوێر دەرشت و دەیخشاندم بەردم ڕە زمانی. لەبەر دەرگا خۆم بەجێ هێشت و ژوورم تێ کەوت. بەغدا بە کەرەوە بەغدایە، هۆی خورماو ڕۆن دەگەڵ منتە ها، مژتنت دەخۆم بە قووتی.

هۆی هۆی هۆی لەوێ مەرمەڕێ... جارێک چل، چل چلە چل تەم تەمێ.

**هیوا بەیرامی**


The Hitler Gang
EXTRAORDINAR
URE WHICH YO
MUST SEE.
AW 0599

## «کۆما»

ئەوەش ڕۆیی گۆڕەهوو بوو ئەنگۆش دەڕۆن؟ بوەستن گۆرانییەکتان بۆ پچڕ پچڕ کەم ، "لێگەڕێن با دڵم بگری ،ژیری مەکەوە بە لایە لایە ، وەرزی ئەوین زەرد و کزرە ،باران نەبێ دادێ نایە، ئێمە بێستانێکمان داچانا، ڕوو بە پارووی ڕەشە بایە، ئێمە داستانێکمان نەخشانا بوو بە ئازاری دوونیایە لێگەڕێ با دڵت بگری گیانە هێشتا سەرەتایە ،لێگەڕێ با شەو درێژ بێ ڕۆژی ئێمە هەر هەڵنایە" ئێیییی ڕۆژ وەک تێزەی تفەنگ هەڵات هەڵاتێتی و هەر هەڵنەهاتووەش هههە چۆن بوو جەماعەت دڵنیام ڕۆحی چوو دە خەلسەوە و هێواش ئەمشەو بۆی دەخەوێ، ئێوە بڕۆن من ئیمشەو لێرە لەگەڵ خاک لێکیان مارە ئەکەم با ....

ئەەە هەستن بڕۆن لێرە چ دەکەن بێکارن؟ ئەو پێویستی بە ئێوە نیە.من؟

نا من نایەمەوە،لێرە دەبم بزانم ئیمشەو بە قاچاخ بێ پاسپۆڕت نامپەڕێنێتەوە ئەودیوی دنیا، زۆر حەزم لێیە سەرێک لەوێ بدەم ، ئەگە بۆم بوگزەرێ لەکنی دەمێنمەوە ئەگینا هەر جۆرێک بێ کولاوێک لەسەر خودا دەنێم و تێدەقولێنم و خۆم دەرباز ئەکەم بەڵام نا ئەوی چووە حەزی لە گەڕانەوە نەبووە وادیارە زۆر دنیایێکی دلڕفێن و دڵئەستێنە دەنا ئەو هەتیوە پیاو کووژە دزوو درۆزنە خۆی لە داروبەردی دا تا بە زۆری بەڕێی نەکەنە وێ و پەتی لەملی نەکەن ،تا ئێستە بەو هەموو فێڵوتەڵەکەیەی دەریدێنا خۆی گەیاندبۆوە ئێرە . یا شەدداد بەهەشتی ئێرەی هەڕاج کردوو چوو بۆ ئەوبەری ، ئیوایە چاوگزەشمان دەدەن وەسێتمان بۆ بەجێ دێڵن و کاکەوبرالەیان کردووە لەگەڵ خودا و خۆ وەپێش دەخەن و بە دووسێ کووتە زەوی چاومان دەنووسێنن ئەگە برسیت بێ ناکاتە بابۆڵێک جەمێکی ژیانتی پێ بەرێ سەرێ، یا کولانە مێرووییەک کە تا بڵێینتر بێ تامەزرۆییمان بۆ ئەوبەری کەم دەکەنەوە، نا نا من ئێستە دەبێ لێرە بم ئێوە بڕۆن دەی دە هەستن بڕۆن دەی من ئەوە کۆپلە گۆرانییەکم بۆ ئەنجن ، ئەنجن کرد فاتیحای ئەنگۆی ناوێ بڕۆن من بە دوای دا دەچم ، هههههە داخوا ئێستە لەوێ چ ئەکاو ئەو موسافیرانەی پێشتر چوون خۆی لەسەر دەگرن زووتر پەڕیونەوە یا هەر وا خۆیان لێگۆڕاوە دەڵێن ئەمە هەر لە کوێرەدێیەکەی ئەنگۆ ڕا نەهاتووین لە سەرەتاوە خودا لێرە خولڤاندینی .

ئۆخەیش ڕۆیشتن هههە خۆ تا دەریان نەکەی ناڕۆن .

چ دەکەی خەوتووی یا بەخەبەری ؟

چا ئەو خانوویە چەند ئاســـوودەیە نە پێشـــخزمەتی دەوێ نە هەموو مـــانگێ پـارەی ئـاو و کـارەبـا و نە ئەبلەخەرجی زیادی بە ســـتایلی ڕۆژ دیزاین کرێ لەو ژێرەشـەوە هەرجارە خزۆکەیێکی تیژتێپەڕ دەنێرن بۆتان، لێیخوڕن و ســەر لە هەموو جێگا نامۆکانیش بدەن ، هەموو شتێکیش بێ پارە دەســـتت دەکەوێ و گڵیش بخۆن هەر پـێـتــان دەکەوێ ، نەخـۆش نـابـن دکتۆرەکان بازاڕیان نیە لەوێ ، بۆخۆشیان هەر گووی دەخۆن و نەخۆشـیش نابن،پێی قەڵەو دەبن ئیمپراتوورەکانی دنیا هەموو گووی دەخۆن لێرە بە وانی دی نـاکرِدرێ زۆر گرانە ، جـار جـار هەنـاردەی کوێرە دێیەکەی ئێوەشـــی دەکەن بەڵام پێتــان نــاکوێ زوو دڵوو دەخێڵەوە دێ ، لێرە ئەوین ڕۆژتائێواریێ چەقڵە ســـەماییتی و خەڵکی لێک کۆ دەکاتەوە و سـەوزەڵەیان بۆ دەڵێ و پێیـان پێدەکەنێ کە چۆن لەو کوێرە دێیەی خەڵکی لێبوو فریوی دەدان و لە تەنگەژەی هەلوومەرجی دەخســتن و دڵیانی دەچەوساندەوە و حوکماتی دەکرد، ئێرە شــارێکی هەیە دوو ســێ فەرســەخ دوورە لێرە ڕۆژێ بە هەزاران کەس ڕوو دەکەنە ئەوێ خەڵات و دیـاری ئەبەن بۆ ڕقی پیرۆز و ڕقی دیکە بەردەباران دەکەن ، هەســـتە وەرە ئێرە لەو کوێرە ودێیە چ دەکەی ؟ لێرە بە هەر کەس بۆخۆی خۆی بپەڕێنێتەوە پێی دەڵێن ســـووپێرمەن و سووپێرووومەن، دەبنە ئەندامی پاڵێوراوی کـارنەواڵ و جێژنی زیندەبەگۆڕان و پلەی ئۆلۆهییەتی دووهەمیان پێ ئەدرێ .

دەســـــت بـدە بـەمـن خـۆت ڕایەڵ کە خــوارێ.... ئـا دەیـی دیـتــت ئــێــرە بەنـدکـراوەکـانـی بەنـدیـخـانەکـان و مرۆڤەکانی گیرۆودەی مادە هۆشـبەرەکان بوون و ئەوانەی شەل و کوێر و سەقەتەکان و هەموو ئەوانەی کەمایەسیان هەبوو لەو کوێرە دێیەتان شـــاباڵێکیان ســـەرەڕای شـــاباڵە ئەســـڵێکەیان پێدراوە تا زووتر بگەنە عەرشـــی عەزیم و خێزانی خودا هەڵیانبژێرێ بۆ خوازادەکانی و بیانکاتە زاوا یـا بوکی خۆی و بیـانبنێرێتەوە کاکەشـانی ڕێگای شـیری و لە ئاسـمانی گۆی زەوی ڕێوورەســـمی زەمـاوەنـدێکی بەشکۆ و بێ وێنە بە بانگێشتنی هەموو مرۆڤی ســـەر ڕووی زەوی و خواردن و خواردنەوەی جۆراوجۆر وەک زبڵ و زاڵ و چڵکـاو میوانـداریـان لێبکەن و شـــەو درەنگــان لە زەوی هەڵێـیــان ڕێژنەوەو بگەڕێنەوە کۆشـــکی هەســـێرەی خۆیان و ژیانی نوێ هاوبەشیان دەس پێبکەن.

وەرە دوودڵ مەبە مەگەڕێوە

**سارا سوڵتانی**

## «بێ ئابڕووی شەڕ»

گووم ببوو لە کۆڵانەکان وەکوو کوتەک خواردوویەک ڕاگیرابوو، سەر و گوێلاک خوێناوی یاساغ تفەنگێک لە سەری. هەمووشتێ بێ ئابڕوو لە شەڕ مرودبوو. خاک گاڵتە بە زبڵدانی مێژوو دەکات، زەردەخەنە لە سەر لێواری مەرگ ڕوونادات. بە شەق بە ئاگر ئەندێشەی پشت بە پشت لە تانووپۆی شەقامە قاقەزییەکان داسەپێنراوە، هەڵدەستم لە خەونێکی یاخی و شەڕێکی ڕاوەستاو لە ناخمدا سەرشێت. تێپەڕبوونی لەشکەر و نەماوە هیچ بە هیچ... وێران ماڵەکان دڕاو پۆتینەکان ئیمڕۆ و پێستی ئاشتی و دوێنێ هیچ. نیشتمان دەگەڕێمەوە شەڕی نابەرەبەر و پەرپووت بیرێکی دەبرد وشەکان... زمانێکی خوێناوڵ عەشق دەشارێتەوە منداڵێ بێ بەزەیانە ئیمڕۆ گەورەتر لە شارێک گەڕایەوە بێخودا سەرگەردان. کلێپێچکی داخرابوو کۆرپەلە لە سەر تەختی کاتژمێر. نەیدەتوانی لە تەکان لە زرمە تێنەگیشتم ڕزیبوون لە ژێر بۆمب و دەنگی بەجەرگ دەیکێشا نەدەکرا ترس ناخم مۆتە دەیگرت بە مستەکۆڵە دەتەقاوە؛ ڕەنگێک نەماوە لە چاوانمدا دیسان مێلوورەکان پیرۆزیان بەتاڵ دەکردەوە، هەموو ئاگربەستێک هەرگیز نەیخست دووری نێوان گۆڕی بێ شوێن و شتێک وێنەی مرۆڤ. قولەمست و عیشووەی ژنانە وێنەی قالۆنچەکان هێڵنجم دەداتێ و بێدەستەڵات دەستە و یەخە دەست بەدامێن نابم نابێت. دارە پیرۆزە سەما لە بارانا ناکات نا پاڵەوانەکان سێبەرێکن داڕزاو لە مەیدانی شەڕ و ئاسمان تڕۆ و باڵندە بێ لانە و گوللە بێنەوا دەیهاوێشت. نەدەگەڕانەوە بە گوناهێکی تازە قانگمان دەدات پژەی باڕووتەکان و گووم ببوو منداڵێک لە مندا بێهێلانە.

**شەرمینساڵحی**

## «خۆشی لەخۆم»

ئەمڕۆ دوای ماوەیەکی زۆر چوومەوە بۆ سینەما. لە کۆتایی فیلمەکەدا لەگەڵ پاڵەوانی سەرەکیی فیلمەکە وێنەیەکی سیلفیمان گرت.

لە منداڵییەوە هەمیشە لایەنگری دزەکانی نێو فیلمەکان بووم. ئەوەش هۆکاری زۆر بوو؛ بۆنموونە هەمیشە دەمگوت: "جا ئەوە چ هونەرێکی تێدایە بە هەزار پۆلیسەوە یەک دز بگرن؟!" پێم نامەردی بوو. هەمیشە دزەکانم بە زوڵم لێکراو دەزانی. هۆکارێکی دیکەی ئەوەی کە لایەنگریم لە دزەکان دەکرد، ئەوەبوو بەگشتی زۆربەی دزەکان خەڵکی فەقیر و هەژار بوون؛ دزیشیان لە دەوڵەمەندە زگ مەشکەگووەکان دەکرد. یان دەنا بەخۆم دەگوت: "باشە بۆ دەبێ کابرا ئەوەندەی پووڵ هەبێ کە زیادییەکەی لە بانگ دابنێ!؟ بۆیە دەستی ئەوانە خۆش بێ کە لێیان دەدزن!" هەرجارێک کە فیلمێکی دز و پۆلیس تەواو دەبوو، جنێوم بە خوشک و مریشکی پۆلیسەکان دەدا و تا چەند ڕۆژ لە دڵم دەر نەدەچوو. بەخۆشییەوە بەرە بەرە فیلمی وا درووست دەکرا کە لە کۆتایی دا دزەکان سەر دەکەوتن و لەدەست پۆلیسەکان خۆیان دەشاردەوە جا فیلمەکە کۆتایی پێ دەهات.

ئاخری نەمردم و ئەمڕۆ لەگەڵ پاڵەوانی فیلمێک سیلفیم گرت کە لە فیلمەکەدا لەگەڵ خزمەکانی دزییەکی چاکیان کرد و توانییان لەدەستی پۆلیس ڕابکەن.

**ناسر فەتحی**



**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!
٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما ) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما ) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̆ ◌̆ ◌́◌́ ◌̆ ◌̆,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.
٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : < = ※]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"
ئاوا هەڵەیە:

گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ ـیش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اە [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.
تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین.
بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# تیۆری ٧

## «دادائیسم»

### مریەم قازی

**دادائیسم بەرهەمی کۆتایی چەن شێوازی نە زۆر گرینگن کە لە دوای سەمبۆلیسم سەریان هەڵدا وەکوو : فتۆریسم، کوبیسم، رایۆنیسم، ورتیسیسم، سنکرۆنیسم، ئێمپێرسیۆنیسم. گۆیا ئەو شێوازانە دایک و بابی نەناسراوی دادائیسمن.**

لە واتای وشەییدا دادا لە زمانی فەڕانسەویدا بە مانای لۆدەگی، گەپجاری، گاڵتە و فشە و سەرقاڵییە و خاوەنی واتایەکی دووگانەیی هیچ و هەموو شتێکە. لە زمانی رۆمانی دا بە مانای بەڵێ و لە زمانی نەتەوەیەکی ئافریقایی دا بە کلکی مانگای دەڵێن. هەروەها بە مانای بابە لەبەرابەر دایەش دا هاتووە کە نیشانەی هۆگری دادائێستەکانە بە رەگەزی نێر لەبەرابەر رەگەزی مێدا. هەر وەها بەمانای ئازادی موتڵەق، دژ بە یاسا و گرێبەستەکان و سوننەت و ئیدەئاڵەکانە.

بزووتنەوەیٚ دادا لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٠ - ١٩٢٢ پەرەی گرت و بۆ یەکەم بار لە سوئیس و نیۆیۆرک و پاریس و ئاڵمان باسی هاتە گۆڕیٚ. بیٚ لایەنی سوئیس لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بوو بە هۆی ئەوە کە ببێتە شوێنێکی ئەمن بۆ پەنا بەران و دوورخراوەکانی سیاسی و شۆڕشگێر، لینن لەوشارە دەژیا و بەوپەڕی لە رکبەرایەتی دەکرد دەگەڵ تەواوی ئەو ئانارشیستانەی لە دوور و نزیکەوە هاتبوون. پەرەگرتنی راستەقینەی رۆحی دادائیسم بە مانای تێکدەرانەی ئەو لەلایەن نەققاش " مارسێل دۆشان" بەڕێوە چوو، مرۆڤێکی رق ئەستووری بەوپەڕی توانایەکی تاقانەوە، هەروەها " تێزارا " کە لە پاریس نیشتەجێ بوولە لایەن گۆڤاری " لیتێراتۆڕ" پێشوازی گەرمی لێکرا. لە ئاڵمان بە هۆی شکست هێنانی گەورە لە ساڵی ١٩١٨ لە شەڕێدا و قەیرانەکانی کۆمەڵایەتییەکانی ئەوکاتی وڵاتەکەیان، بوو بە هەڵێکی باش بۆ سەرهەڵدانی دادا،

هۆنەرمەندان هەموو حەولی خۆیاندا تا ناوەرۆکی سیاسی بدەن بە ئەم شێوازە. تیمی " بڕلین" لە ساڵی ١٩١٨ لە لایەن هوڵسێن بەک پێک هات و لە ساڵی ١٩٢٠ لێک هەڵوەشا، نیۆیۆرک کە ، وەکوو سوئیس لەشەڕێدا بێ لایەن بوو، بوو بە جێ پشوودانی دادائیستەکانی وەکوو تێزارا، مارسێل یانجۆ، پیکابیا، ژان ئارپ، هۆگۆباڵ و ... کەهەرکام لە وڵاتێکی ئورووپایی ڕایان کردبوو و ملییان نەدەدا بە نەتەوەیی بوونی تەنگنەزەرانە، بەڵام ئەوانەش لە شەونشینێکی خۆیاندا لێیان بوو بە کێشە و لێکڕاسان و لێکدان، و بەمجۆرە دەرفەتیان بەرەوتەواوبوون ڕۆیشت بەڵام لەداهاتوودا شێوازی سووررئالیان دامەزراند.



## روانگەی دادائیسم :

تێزارا دەڵێ ڕۆژنامەیەک هەڵگرن ، وتارێکی هەڵبژێرن بە مقەستی بڕکە بڕکەی کەن، دوایە ئەم کوتە بڕکە بڕکانە بێنن لێکیان جیاکەنەوە ە جۆرێک کە لە هەر بڕکەیەدا یەک وشەی لێبێ، دوایە هەموان لە توورەکەیەک خەن و لێکی دەنەوە لەپاشان یەکە یەکە دەریان هێنن و لەپەنا یەک ریزیان کەنەوە، بابەتێکی نوێ سازدەبێ کە مەبەستی دادائیستەکانە. بۆخۆی ئەم بابەتەی خوارێی ساز کرد:

" بلوورێک لە هاوار، مەترسیدار دەیهاوێتە سەر لاپەڕەیەک کە پاییز. تکاکارم، خراپی ئێوە، وتەی من تێک مەدەن. بوومەلێڵان کیژۆڵەیەک ئاوپاشێکی ڕێی لەبەر کردووە، لە زەلکاودا ئاڵ و گۆڕی بەسەردادێ."

ئەم شێوە داڕشتنە ئاشکرای دەکا کە وتەکانی تێزارا خاوەنی هیچ قاعیدە و ڕێسا و زابیتەیەک نیە و لە خیرەد و پەیوەندی مەنتیقی زمان پەیڕەوی ناکا. ئەم پڕووپووچیە تەنیا لە شێعر و وتاردا نەبوو شانۆنامەکانیشیان هەروابوو، دووکەس دەهاتنە سەر شانۆ یەکیان دەیکوت: " دەفتەری ئێدارەی پۆست لەوبەرییە!" ئەوی دیکەی دەیکوت: " ئەمن چم لەدەس دێ؟" و شانۆ تەواو دەبوو. ئەوە نیشانی دەدا کە کار لە شێوازی هەتک ترازاوە و تووشی فشە و قەشمەرە هاتوون، دادائێسم دەیەویست لە دژی تەواوی گرێبەست و

سوننەتە ئەدەبییەکان راوەستن تا ئاستی لەناو بردنی هەموو شتێک. " فڕانسیس پیکابیا" وتارێکی نووسی تا شڕۆڤەی شێوازی نوێی دادائیسم بکا، دەقی لێدوانەکەی ئەوە بوو " نازانین ئێمە چ دەکەین؟ وانیە؟ دۆستانی بەرێز ئەم بابەتە لەلایەن خۆشمانەوە کەمتر فام دەکرێ، چ بەختەوەرێک، حەق بە ئێوەیە، دەمەویست جارێکیتر لە باوەشی پاپ دا بنووم، دیسان تێناگەن؟ منیش تێناگەم چەندە دڵتەزێنە!"

خەڵک لەدوای ئەم وتارانەدا لە قاقای پێکەنینیان دەدا. ئایا بەڕاستی کەسانی وەک هۆڵسۆن بەک، هۆگۆباڵ، بێڕتۆن و ... گەمژە و نەزان بوون؟ یان بڵێی لە ئەوەندە توانای هۆشییە بەهرەمەند نەبوو بێن کە نەزانن بۆ تێگەیاندن لە رێگەی زمانەوە پێویستیان بە هێندێک ئوسوول و یاساوە هەیە؟ بێشک وانەبووە، بەتایبەت ئەوەش هەڵەیە کە پێمان وابێ وەکوو رۆشنبیر خۆیان بە بەرپرسی زمان و دۆخی رامیاری وڵاتەکەیان نەزانن. هۆڵسۆن دەڵێ:" کاری دنیا گەیوەتە ئێرە، مانگاکان لەسەر سیمی تێلگراف هەڵدەنیشن و کایەی شەترەنج دەکەن، تووتی لە ژێر داوێنی سەماکەرێکی ئیسپانیایی وەکوو شەیپوورچی گۆرانی خەفەتبار ئەچرێنێ و تۆپەکان لەبەیانیرا تا شەوێ دەگرین."

## زمان و دادائیسم

زۆر رەخنەگری وەکوو "هاوزێر" دادائیسم بە شۆڕشێک لە دژی زمان دەزانن بگرە واوەتریش، شۆڕش لە دژی هەر هۆنەرێک کە فام بکرێ، تا ئەو جێگایە کە نە نەققاشی و نە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بەکەس فام ناکرێ جگە لە تاقمێکی کەم، وادیارە دادائیستەکان پێیان وابووە کە هۆنەر وەکوو ئامێرێک لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا نەیتوانیوە دەوری لێک حاڵی بوون پێکهاتەی ئاشتی بگێڕێ، ئەوان دەیانکوت ئەوە ژێنێڕاڵەکانن کە بەبێ ئەوەی هیچ هۆنەرێکیان هەبێ تەنیا بە دوو دەبابە و تۆپ و مووشەک چارەنووسی دنیا دیاری دەکەن... وەها شۆڕشێک و بەرخۆدانێک لە بەرابەر زماندا دەگەڵ هەموو تەوجیهێک کە هەیانبوو لە زاتی خۆیدا دژبەرکانی و تەزاددیکی هەڵدەگرت کە تەواو زمانی بە وێرانی دەگەیاند و یەکێک لە هۆکارەکانی خۆکووژی دادائیسم ئەویش لەماوەیەکی کەمتر لە دەساڵدا هەر ئەو وێڕانیە بوو کە تووشی زمانیان کرد و هەروەها هۆکاری دامەزراندنی شێوازی سوررئال هەر لەلایەن دادائیستەکانەوە ئەو گەڕانەوە بۆ سەر زمان بوو. "هاوزێر" لەم پێیەدا دەڵێ ": ئەوشتەی وەکوو شۆڕش لە دژی زمان دەتوانین نێودێری کەین، لە دەورانی ڕۆمانتیسمەکان دەس پێدەکا، لە سەمبۆلیسمدا دەگاتە ئەوپەری خۆی، لە دادئیسمدا دەگاتە سەر سنووری شێتی کە مەبەست لەوکارە تێکدانی تەواوی

ئیمکانانتی زمانی راوەستاوی کلاسیکە تا بەڵکوو وەڵامدەری زمانی مۆدێڕنیسم بێ. کە ئەوەش لە نێو خۆیدا هەڵگری تەناقوزێکە ئەویش ئەوەیە ئەگەر بڕیارِ بێ تەواوی گرێبەستەکانی ئاسایی و ئاشنا بە زەینی خوێنەر لە پڕ پاک کرێتەوە چ شتێک بۆ خوێنەر دەمێنێتەوە؟" هەر بۆیە بە دادائیستەکان دەڵێن رەشە کووژی زمان. جیا لە کاریگەری شەڕ لە خۆنامۆیش یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستەیە لەبەرابەر زماندا. دادائیسم منالێکی کەم لەش بوو بۆ دمەلاسکەیی کردن بە جیهانی شێعر و ئەدەب و بۆماوەی چەن ساڵان قەشمەرەێ ساز کرد . تا بە دنیا بڵێن جارێ زۆری ماوە هۆنەر و ئەدەب و زمان و سیاسەت و ... پڕووپاگەندەێ وەی وەرێخەن کە دنیایان دروست کردووە و بەشەرییان گەیاندۆتە ئاستێکی بەرز.

**هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی:**

هەموو دەزانین کە هۆکاری سەرهەڵدانی دادائیسم شەڕبوو، زۆر کەس ئەم شێوازە بە بزووتنەوەیەکی گرینگی هۆنەری نازانن بەڵکوو بە شۆڕشێکی رۆشنبیرانەی دەزانن کە لە داوێنی ئالۆزی و شەڕدا لە دایکبووە. (١٩١٤ - ١٩١٨) کە راستەوخۆ بەسراوەتەوە بە ژانەکانی ئەو سەردەمە، شتێک کە جگە لە هاوارێکی پووچ هیچ نەبوو و هەر لە نێو خۆیدا دا وزەی رووخانی خۆی پەروەردە کرد، واتە لە دوای شەڕێ کە هەموو چاوەڕوانی ئەدەبیاتێکی حیماسی بوون چەشنە خۆوازێک لە دادائیستەکاندا سەری هەڵدا کە بە رۆمانتیسمی نوێ نێودێر کرا، بەڵام کۆتایی کاری ئەو شێوازە بە وێرانکردن و حاشا لە تەواوی شێوازەکان و گرێبەستەکانی پێشوو و ساز کردنی ئالۆزی و قەیران و هەرج و مەرج بڕایەوە، واتە چەشنێک سەرشکاوی و کایەی زمانی هێلنج ئاسا رەنگە جوانترین رواڵەتی عەینی بێ کە بکرێ لە دوا شەڕ لەسەر ئاکامەکانی شەڕ خۆی ئاشکرا کا. و بە قیمەتی لەناو بردنی خۆشیان ئاگایانە ئەو کارەیان کرد. بیست میلیۆن کووژراوی شەڕێ کە پێسەد دانەیان نووسەر بوون ، هێچ شتێکی بۆ زەوق و زەینی نووسەر نەدەهێشتەوە.

**شەڕ و کاریگەری ئەو لە دادائیسم و سوررئالیسم:**

ریمۆن ئارۆن کۆمەڵناس و فیلسووفی فەرانسەوی دەڵێ:" هیچ مرۆڤێکی بە شعوور شەڕی پێ لە ئاشتی باشتر نیە، لە شەڕدا ئەوە دایک و بابەکانن کە منداڵەکانیان دەنێژن ، بەڵام لە ئاشتیدا ئەوە منداڵەکانن کە دایک و بابەکان دەنێژن. " مێژوو زۆر شت دەنووسێ بە ئامار و ئەرقامەوە، خەسارەکانی گیانی و ماڵی، بەڵام عەیبی مێژوو نووسین لەوەی دایە کە کاریگەری پێویست و فێرکارانە بە جێ ناهێڵێ، زۆر ئاسایی دەنووسێ

ئەوشارە بۆمباران کرا و دوومیلیۆن کەس کوژران وەک ئەوەی کە بڵێ دوو میلیۆن بوتری شکاوە! ئەو شتەی لە مێژوو دا ونە باسی تێداچوونی شارستانییەت و فەرهەنگ و ئەسالەت و ئەخلاقی ئێنسانییە، باس نەکردنی کاریگەرییەکانی شەڕ لەسەر ناخ و هەناوی ئینسانییە، ئەو کەسانەی کە کووژراون بەڵام دەیانتوانی ساڵیانێکی دوور و درێژ بە شادی ژیابان، ئەوە تەنیا هۆنەری ڕۆمان نووسینە کە دەتوانێ ئەم بۆشاییە قەرەبوو کاتەوە، نووسەر دەتوانێ بە ڕۆچوون لە ناخی تاقە سەربازێکی وەک نوێنەری هەموان وەها ڕواڵەتی دزێوی شەڕ لە ناخی ئەودا داڕێژێتەوە کە بۆ هەتاهەتایە هەموو مرۆڤێک شەڕ بە نەحلەت کەن، ئەوکارەی کە زۆریەک لە نووسەرانی شێوازی رئالیسم کردیان، ئێمە بە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانانە چاکتر دەزانێن کە دادائیسم بۆچی هێندە نەبانی شەڕە و بۆ ئاوا لە هەموو شت تەنانەت لە خۆشی یاغییە. نووسەرانی وەک ڕۆمێن ڕۆڵان، ئێرنێست هێمینگوی، هانری باربۆس و بەتایبەتی نووسینی ڕۆمانی " لە ڕۆژئاوا



هیچ خەبەر نیە" لە لایەن ئێریش ماریارمارک کە بۆخۆی لە شەڕێدابوو و ڕۆمانەکەی ڕاپۆرتی کات بە کاتی شەڕ و برین و مردن و کارەسات و وەحشیگەری و ترس و هەموو ئەو ژان و دەردانەیە کە شەڕ ئاوێتەی ژیانی مرۆڤی دەکا :" ئەو ڕۆژانە هیچمان نەماندەزانی روو لە چ ڕێگا و چارەنووسێک دەکەین... وردە وردە تێگەیشتین کە بەرقی چوار ئەستێرەی نیزامی لە چوار کتێبی فەلسەفی شۆپێنهاور گرینگترە، سەرەتا پێی تووڕە دەبووین بەڵام دوایە بۆمان بوو بە شتێکی ئاسایی کە دەور دەوری واکسی پۆتینە نەک هزر و ئەندیشە. شەڕ تەنیا بە تێکدانی بایەخەکان و تێداچوونی هزر و ئەندیشە نابڕێتەوە، بەڵکوو خووخدەی مرۆڤیش دەکووژێ، ئێمە دەبوولە مەیدانی شەڕێدا بووباین بە گورگێکی کوشەندە، دەوو بکووژین تا زیندوو بمێنینەوە، ئەوە چ کایەیەکبوو مرۆڤ تووشی هاتبوو؟ کاتێکیش شانسمان هێنابا و گەڕابایینەوە ماڵێ بەهۆی ئەو ژانانەی دەمان دیت هەرد و ئاسمانمان تێکوەردەدا ، بوونەوەرێک بووین رووخاو و تێکقرماو کە ئیتر خەڵک

نەیدەناسینەوە، لە زمانی ئێمە حاڵی نەدەبوو و لێمان دووردەکەوتنەوە و هەڵیان دەپەساردین..." ئێرنێست همێنگۆی هەروەتر لە رۆمانەکانی " هەتاو بەردەوام دەدروشێتەوە" و " ماڵئاوایی دەگەڵ چەک" پێشتر ئەو پەردانەیان لەسەر شەڕێ لادابوو کە لە هەردووک رۆمانیدا قارەمان یانی بریندار. هەموو حەولیان ئەوە بوو کە بە خەڵکی دنیا بڵێین هیچ شەڕێک هیچ شانازێکی تێدا نیە و بەشەر لەشەڕدا هیچی دەسناکەوێ جگە لە ماڵوێرانی و تێداچوونی ئەخلاقی ئینسانی. پەیامێک کە سیاسەتمەدارەکان زۆر درەنگیان وەرگرت و لە دوای شەڕی دووهەمی دنیاگردا کە حەفتا میلیۆن کەس کوژرا ئەوە چرچیلە کە لەسەر وێرانەکانی ئنگلیس دەڵێ: " کاتی جێژنی کریسمەسە و بەفر دەبارێ، هیچ کارخانەیەک و هیچ نۆهۆمییەک بە پێوە نەماوە، کەس قەڵی شەوی کریسمەسی وەسەر نەناوە، دووکەڵێکی گەرم لە هێچ بانێک هەڵناستێ، ئەوە رواڵەتی ولاتێکی سەرکەوتووی شەڕە؟! ئەدی کێ بردوویەتەوە؟ شەرت بێ کارێکی وابکەم تازە هیچ ئورووپاییەک گوێی لە دەنگی چەک نەبیێتەوە..."

ئەو نوسراوانەی لە زمانی خەڵک نزیک بوونەوە بوونە هەرمان و کاریگەری خۆیانبە جێهێشت، بەلام دادائیستەکان حەولیان دا هەموو شت بە تایبەتی تێگەیشتنیش بەرنە ژێر پرسیار، ئەوان حاشایان لە تەواوی شتێکی ئەو جیهانە کرد کەبەسەر بنەمای شەڕدا دامەزرابۆوە. مەبەستی دادائیستەکان لە نووسیندا ئەوە بوو کە رویاکان سەبت کەن، کەشفی زەمیری نابەئاگا و رەوایەتی ئەو جیهانە بە وشەگەلێکی نامەڕبووت و رەها بکەن و سرووشتییە کە ئەم ڕەوتە بەم شێوەیە نەیدەتوانی بەردەوام بێ و پێشتر قەبری خۆشی هەڵقەندبوو. مرۆڤ لە کاتی شەڕ و قەیراندا دوو هەڵوێستی هەیە، یان خۆڕاگرانە لەبەرابەرییان داڕادەوەستێ و حەولی داڕشتنەوەیەکی نوێ دەدا، یان ئەوەیە لە مەوزعی ترسەوە ڕادەستی رووداوەکان دەبێ، دادائیسمەکان هەرچەن بە رواڵەت ڕادەستی شەڕ نەبوون بەلام چەکی بەرگری لەشێوەی شێت و رەوان پەریشەکان هەڵبژارد، ئەوەش بڵێین کە دادائیستەکان نە شێتن نە تێکەڵیان کردووە بەڵکوو لەرووی زانیارییەوە هەمووشت بەفشە دەگرن و هەتکی دەکەن، دادائیسمەکان عەقڵی ماندووی سەدەی بیستن و کارێکی گرینگی کە کردیان ئەوەبوو کە بۆرژوازی هاوچاخیان بردە ژێر پرسیار و چرژێکی گەورەیان تێخست، ماشینیسم و سەنعەتی پڕ ئیفادەیان بردە ژێر پرسیار و پردەی لەسەر سیاسەتمەداری رێوی سیفەت و بێ ئەخلاق لادا، دەگەڵ هەموو ئەوانەش پرسیار ئەوەیە کە ئایا لە کاتی خوێیدا خەڵک توانیان ئەم خاڵە رەخنەییانە وەرگرن یان نا؟ بێ گومان نا!



# دەرسگوتاری جیاوازییەکانی چیرۆک و شانۆنامە

ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە

**پێشەکیی نووسەر:** ئەم دەسگوتارە کە لە سێ بەش دا پێشکەش دەکرێ بە شێوەی زارەکی لە کارگەی چیرۆکی بێ سنوور داندراوە و ئەمجارەیان لە لایەن بەڕێزان کوردستان حاجبی و شەرمین ساڵحی دابەزیوە و تایپ کراوە، دیارە دەسکارییەکی زۆرم جگە لە هێندێ وشە تێ-دا نەکردووە بۆ ئەوەی شێوازی زارەکی و دەرسگوتار بوونەکەی تێک نەچێ.

**بەشی دووهەم: دەستووری سەحنە (ڕێوشوێنی دیمەنەکان)**

سڵاو و ڕێز لە خزمەت هاوڕێیانی خۆشەویستی کارگەی چیرۆک.

بەشی دووهەمی دەرسگوتارەکانمان ئەمجارەیان دێینە سەر خاڵێکی گرینگی دیکە لە جیاوازییەکانی چیرۆک و شانۆنامە.

باسەکەمان لە سەر ڕێوشوێنی دیمەنەکان (دەستووری سەحنە)، یانی ئەو ڕێکار و ڕێنوێنانەی کە بۆ باشتر بەڕێوەچوونی شانۆنامەکە لە لایەن نووسەرەوە پێشنیار دەکرێن. سەرەتا پێویستە وەک پێشەکییەک ئەوە باس بکەم کە هەر چەند شانۆنامە ژانرێکی ئەدەبییە و بە وشە دەخولقێ، لە وشە پێک دێ بەڵام لە ڕاستیدا نووسراوەیەکە بۆ بەڕێوەچوون و نواندن دەنووسرێ یانی بڕیارە ئەو شانۆنامەیە بچێتە سەر سێن و تا کاتێک ئیجرایی نەبێتەوە دەتوانین بڵێین ئەو شانۆنامەیە تەواو نەبووە. لە بەڕێوەچوونی ئەو شانۆنامەیەدایە کە یەک شانۆنامە تەواو دەبێ، کەواتە حەتمەن نووسەران دەبێ ئەو خاڵە لەبەر چاو بگرن کە دەبێ ئەو شانۆنامەیەی دەینووسن ئیمکانی بەڕێوەچوونی هەبێ و بکرێ لەسەر دیمەنەکەمان بۆ بینەران بەڕێوەبچێت. وەک پێشتر لە دەرسگوتاری ڕابردوودا باسمان کرد بەشی هەرە زۆری شانۆنامە لە دیالۆگ پێک دێ و دیالۆگە کە خولقێنەری کەش و کەسایەتی و ڕووداوەکان و هەموو ئەو پێکهاتنانەی کە یەک شانۆنامە هەیەتی. بەڵام جاری وا هەیە کە تۆ ناتوانی هەندێ شت بە

دیالۆگ دەربڕی یا ئەگەر بتهەوێ بە دیالۆگ دەریبڕی دیالۆگەکە دیالۆگێکی ئاسایی و جوان بەدی نایەت. بۆ وێنە خوڵقاندنی کەش یا نیشاندانی شوێن و کات یا حاڵەتی دەروونی کاراکتێرەکەت. لە وەها دۆخێک دایە کە نووسەر دێ لە ڕستەگەلێکی کورت کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوەی ئەو شتانەی ناتوانێ بە دیالۆگ دەریانبڕێ لە قاڵبی ڕستەگەلێکی زۆر کورتدا کە پێیان دەگوترێ ئاداتی دیمەن (دەستوور سەحنە) ئەو شتەی کە مەبەستێتی دەیگەیێنێ. دیارە دەرهێنەری شانۆ حەتمەن مەجبوور بەوە نییە ئەو شتەی کە لە دەستوور سەحنەدا شانۆنامەنووس گوتوویەتی دەقاودەق ڕایگوێزێتە نێو ئیجراکەی، ئەوە بەستراوەتەوە بە خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئەو دەرهێنەرە یا ئەو گرووپە شانۆییە کە لەو دەستوور سەحنانە کەڵک وەربگرن یا نە! لە شێوازی کلاسیکی شانۆدا دیارە دەرهێنەر و گرووپی ئیجرایی زۆر پابەند بەوە بوون کە حەتمەن ئەو دەستوور سەحنانە لەبەرچاو گرن، بەڵام لە شێوازە مۆدێرنەکاندا ئیتر ئەو چوارچێوە توند و سەختە نەماوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەستوور سەحنە بە هەر حاڵ یارمەتی دەدا کە ناوەڕۆکی ئەو شانۆنامەیە، تێمەکەی و هەروەها فەزای ئەو شانۆنامەیە چاکتر بۆ خوێنەر ڕابگوێزرێتەوە. تەنانەت ئەگەر قەرار بێ ئەو شانۆنامەیە بخوێندرێتەوە و لە سەر سەکۆی شانۆ بەڕێوەیش نەچێ، وەک شتێکی ئەدەبی بخوێندرێتەوە بە هەر حاڵ ئەو دەستوور سەحنانە یارمەتیدەرن.

لە ڕاستیدا ئەگەر بڵێین خاڵێک بە ناوی تەوسیف یەکێک لەو خاڵانەیە کە لە شانۆنامەدا دەسڕدرێتەوە لە چاو چیرۆک. لە چیرۆکدا بەشێکی زۆر لە تەوسیف پێک دێ ، تەوسیفی کەسایەتی، کات، شوێن و هەروەها تەوسیفی بارودۆخ. زۆر جار نووسەر لە ڕێگای تەوسیفەوە گێڕانەوەی خۆی درێژە پێدەدات. تەنانەت زۆر چیرۆکمان هەیە کە لەوانەیە بەشی هەرە زۆری لە تەوسیف پێک هاتبێ بەڵام لە شانۆنامەدا ئێمە ئیتر شتێکمان بە ناوی تەسیف نییە و دەستوور سەحنەیە کە جێنشینی تەوسیف دەبێ. وەک گوتم زۆر جار ڕەوت وایە کە دەستوور سەحنە ڕستەگەلێکی زۆر زۆر کورتن. ئەوەی کە دەبێ لەبەر چاومان بێ لە بواری نووسینەوە حەتمەن دەبێ ئەو دەستوور سەحنانەی کە دەنووسرێ لە دەقی سەرەکی جیا بکرێتەوە. یانی خوێنەر بە ڕوونی و ئاشکرایی بزانێ ئەوە دەستوور سەحنەیە و لەگەڵ دیالۆگ جیاوازە بۆیە زۆر جار شانۆنامەنووسەکان دەستوور سەحنەکان لە نێو کەوانە یا کرووشەیەک دەخەن و زۆر جار بە فۆنتێکی جیاواز لە فۆنتی سەرەکی کە شانۆنامەکەی پێ نووسراوە دەستوور سەحنەکان دەنووسن. بۆ ئەوەی بە ڕوونی دەرکەوێ کە لە کوێدا دەستوور سەحنەیە

و لە کوێدا دەقی سەرەکی شانۆنامە و دیالۆگەکانە.

زۆر جار ئێمە لە دەستوور سەحنەدا لە ڕستەگەلێکی هەواڵی زۆر زۆر سادە کەڵک وەردەگرین و ئیتر ئەو زمان و ڕاوێژ و شاعیرانەبوون یا هەر شتێکی دیکە لە دەستوور سەحنەدا کەڵکی لێ وەرناگیرێت. بۆ وێنە دەڵێن هەستا چوو لیوانەکەی هەڵگرت یا دەڵێن دەرگاکەی بە توندی پێوە دا، یا دەڵێن شوێن ماڵێکی کوردانەیە لە دێیەک ، یا کات دەمەو ئێوارەیە یا ساڵی ١٣٩٧ـە یا هەر شیکردنەوەیەک پێویست بێ بگوترێ و نەکرێ لە ڕێی دیالۆگەکانەوە باس بکرێ؛ زۆرتر لە نێو دەستوور سەحنەکانەوە دێن، ڕستەگەلێکی زۆر زۆر سادە کە حاڵەتی هەواڵییان هەیە. زۆرتر لە دەستوور سەحنە لە سەرەتای شانۆنامەی زۆری کەڵک لێ وەردەگیرێ. یانی بەر لەوەی کە شانۆنامە دەست پێ بکات نووسەر تەوسیفێکی گشتی دۆخەکەی دەکات. بۆ وێنە مەکانی شانۆکەی کوێیە؟ کەسایەتییەکان کێن؟ شانۆنامەکە چەند کەسایەتی هەیە؟ یەک شانۆنامەی ستاندارد و ئاسایی ئاوا دەست پێ دەکە. ناوی شانۆنەمەکە، دوایی ناوی کەسایەتییەکان. بۆ نمونە کەسایەتی A, B, C, تەنانەت دەتوانی تێبینییەک لەبارەی کەسایەتییەکان بدا. بۆ نمونە A پیاوێکی بەساڵاچووی تەمەن ٦٢ ساڵەیە. B مێرمنداڵێکی ١٤ ساڵەیە. ئاوا بە ئەو شێوەیە دەتوانێ سەبارەت بە کەسایەتییەکان تێبینییەکی بێ. لە دۆخی گشتی یا دۆخی کۆمەڵایەتی یا تەمەن یا تەنانەت وەسفگەلێکی دیکە وەک ڕواڵەت یا ئەوەی کە ئەو پیاوە بەساڵاچووە تەمەن ٦٢ ساڵەیە قژی سپییە یا ڕیشێکی ئاوای هەیە یا گۆچانێکی بە دەستەوەیە یا هەر شتێکی دیکە. یا ئەو مێرمنداڵە جلێکی ئاوای لەبەردایە. زۆر جار نووسەر دەتوانێ شیکردنەوەیکی ببێت لەبارەی شوێنەکە. بۆ وێنە کورسییەکە لە نێو پارکێک و لە نێو شارێکی قەرەباڵغ. دەتوانێ تەوسیفێک بێ لە دۆخی کاتی کە بۆ وێنە ئەوە دەمەوئێوارەیە یا هەر شتێکی دیکەی لەم چەشنە کە زۆر جار لە شانۆنامەی قەدیمیتر و کلاسیکتردا ئەو شێوازە لە دەستوورسەحنە زۆر زۆر باوە و زۆریش کەڵکی لێ وەرگیراوە. بۆ نموونە وەختێک وەسفێکی گشتی دەکا ئیتر خەیاڵی خۆی لە بابەت کەسایەتییەکانەوە، لە بابەت کات و شوێن ڕاحەت دەکا و ئەدی ڕووداوەکە بە دیالۆگ دەگێڕێتەوە و کەڵکەڵەی ئەوەی نییە کە بتوانێ ئەو وەسفانەیش لە دڵی دیالۆگەکاندا بێنێت. زۆر جاریش لە ناوەڕاستی شانۆنامەدا لەوانەیە تۆسیفاتەکە زۆر ورد پێویست بن. وەک کاردانەوە یا کارێک. بۆ وێنە هەڵدەستێ شتێک دێنێ یا هەڵدەستێ کارێک دەکا یا ئەوەی کە هەستێکی دەروونی هەیە. بۆ نموونە: دەڵێ بە

تووڕەییەوە، بە خۆشحاڵییەوە، بە خەمبارییەوە یا هەر هەستێکی دیکە. دیسان هەر ئاوا لە کەوانەدا پێش ئەوەی کە ڕستەکە بڵێ بۆ نموونە A (aبە تووڕەییەوە): دواتر دیالۆگەکەی. بەم شێوازە نووسەرەکان زۆر جار لە دەستوور سەحنە کەڵک وەردەگرن. یا زۆر جار لە سەرەتای پەردەکان کاتێک پەردەیەک دەگۆرودڕێ بۆ پەردەی دووهەم، سەرەتای پەردەی دووهەم دیسان وەسفێکی دیکەی گشتی لەوانەیە بەکار بێ یا تەنانەت لە گۆڕینی سەحنەکاندا بۆ وێنە کاتێک گۆڕینی دیمەنمان هەیە، دیمەنی یەکەم بۆ دیمەنی دووهەم لەوانەیە بە ئاماژەیەکی خێرا نووسەر بڵێ کە کات گۆڕاوە یا ئەوەی کە دۆخەکە گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە. زۆر جار لەو بارودۆخانە لە شانۆنامەدا لە دەستوور سەحنە کەڵک وەردەگرین و زۆر زۆریش یارمەتیدەری نووسەرە. لە شانۆنامەی مۆدێرندا یانی لە سەدەی بیستەم بۆ ئەولاوە ڕۆژ بەرۆژ دەوری دەستوور سەحنە کەمتر دەبێتەوە یانی نووسەران کەمتر لە دەستوور سەحنە کەڵک وەردەگرن و زیاتر حەوڵ دەدەن هەموو باری ڕاگوێستنی زانیارییەکان بسپێرن بە دیالۆگ. لە شانۆنامەی کلاسیکدا دەستوور سەحنەی زۆر دەبینین بەڵام هەر چەند دەچینە بەرەو شانۆنامەی مۆدێڕن دەوری دەستوور سەحنە کەم دەبێتەوە مەگەر لە دۆخێکی تایبەتدا. بۆ وێنە وەک لە دەرسگوتاری ڕابردوودا باسم کرد زۆر شانۆنامەنووس هەن کە لە سەدەی بیستەمدا شانۆنامەی بێ کەلامیان نووسیوە یانی شانۆگەلێک کە لە دیالۆگ کەڵکی وەرنەگرتووە و یەکسەر بێکەلامە. کە نموونەیەکی زۆر ئاشکرای ئەوانە "سامۆئێل بێکێتە" کە چەندین شانۆنامەی بێکەلامی هەیە یا تەنانەت لە ئێران "غولامحسێنی ساعێدی" کە وەک "گەوهەر مۆراد" ناسراوە کۆمەڵە شانۆنامەیەکی بێکەلامی هەیە. دیارە شانۆنامەی بێکەلام یەکسەر بەدەستوور سەحنە دەنووسرێ و بە جێی دیالۆگ هەمووی وەسفەکانی نووسەرە کە دەور دەگێڕێ. بەڵام دیسان هەر وەسفەکان ڕستەگەلێکی خەبەری سادەن کە باس لە کاردانەوە ڕووداو یا بارودۆخێک دەکا. یا لەوانەیە لە هەندێک شێوازی تایبەتدا دەوری دەستوور سەحنە زیاتر بێ لە دەوری دیالۆگ کە ئەوانەی بارودۆخی جیاواز و تایبەتن. بۆ نموونە ئەو شانۆنامەنووسانەی وەک شانۆنامەی ئەبزۆڕد ناسراون کە کەسانێک وەک "بێکێت" "یونێسکۆ" "هارۆڵد پینتێر" ئەوانە لە ڕاستیدا بە هۆی ئەوەی کە شێوازێکی تایبەت بە نووسینیان هەیە ئاخافتن زۆر دەوری تێدا ناگێڕێ. لەم بەرهەمانەدا زمان خاڵێک بۆ پەیوەندی نییە. زمانێکی تێکشکاو لە کارەکانیاندا هەیە. بێدەنگی دەورێکی زۆر لە نێو کارەکانیاندا دەبینی، بۆ وێنە

لە کارەکانی "هارۆڵد پینتێر" کە پڕە لە بێدەنگی و زۆربەی دیالۆگەکان ناتەواو و نیوە تەواو دەمێننەوە، ئەوە پێناسەی شێوازیی کارەکانی هارۆڵد پینتێرە. لەو شێوازە تایبەتانەیشدا دەبینی دەستوور سەحنە دەورێکی گرینگی هەیە بۆ نیشاندانی ئەو بێدەنگیانە. بۆ کاردانەوەگەلێک کە بێدەنگی پێناسەی سەرەکییە و لە دڵی نمایشنامەکەدا پێش دێت. بەڵام وەک گوتم ئەوانە شێوازگەلێکی جیاواز و تایبەتن و وەک نۆرم و ستانداردی شانۆنامەنووسین نییە.

حەز دەکەم لەو بەشەی باسەکەمان باسێکی گرینگی دیکە کە زۆرێک لە دۆستانمان لە دەرسگوتاری ڕابردوو لە ڕاهێنانەکانیان ئەنجامیان دابوو و گرفتیان لەگەڵی هەبووە. واتە بەشی دابڕانی شانۆنامە (تەقتیعی نمایشنامە) و باسی پەردەکانی شانۆنامە. ئەوەی کە چۆن ئێمە پەردە و دیمەنی شانۆنامەکەمان دابەش بکەین. حەز دەکەم باسێکیش لە سەر ئەوە بێنمە گۆڕێ کە ڕوونکردنەوەیەکی لە سەر بدەین. من ئەوە بڵێم کە باسی پەردەبەندی باسێکی کلاسیکە. لە شانۆنامەی کلاسیکدا بە تایبەت لە سەدەی شانزدە و هەڤدەی زایینیدا زۆر زۆر جەختی لە سەر کراوە کە دەبێ حەتمەن تراژدی لە سێ پەردەدابێ یا لە پێنج پەردەدا بێ. یاسا و بنەماگەلێکی زۆر ویشکیان بۆ ئەو پەردەبەندییە دەستنیشان کردبوو. بۆ نموونە ئەگەر تراژدییەک سێ پەردە نەبوایە دەیانگوت: ئەوە لە جۆری تراژدی نییە و ئا لەم جۆرە شێوانە... بەڵام لە سەدەی بیستەم بەولاوە کە هەموو شتەکان گۆڕانکارییان بە سەردا هات و بنەمای زۆر شت تێکشێکندرا و ئەو یاساوڕێسایانە گەلێک تووشی ئاڵوگۆڕ هات و گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هات. بەڵام وەک ڕوونکردنەوەیەک کە ئێمە بەڕاستی چۆن بزانین لە پەردە و دیمەنەکەمان کەڵکی لێ وەربگرین؟ ئێمە سێ یاسای گشتیمان هەیە لە شانۆنامەی کلاسیکدا؛ سێ یەکگرتنە کە پێی دەڵێن یەکگرتوویی کات، شوێن و بارودۆخ (وحدت زمان، مکان و موقعیت). لە پەردەی شانۆنامەدا کاتێکی یەکسان لە شوێنێکی یەکسان و یەک بارودۆخ دەگێڕدرێتەوە.

مادام کە ئەو سێ شێوەیە تووشی ئاڵوگۆڕ هاتن یانی کاتی گێڕانەوەکە، شوێن و بارودۆخەکە گۆڕدرا؛ پەردەی شانۆکەمان دەگۆڕدرێ. بە واتایەکی دیکە کاتێک ئەو سێ شتە تووشی ئاڵوگۆڕ هاتن، کات، شوێن و بارودۆخ ئێمە لەگەڵ پەردەیەکی نوێ ڕووبەڕووین؛ یانی کاراکتێرەکانمان دەچنە شوێنێکی دیکە، دەچنە کاتێکی دیکە یا بارودۆخێکی دیکە. یان جاری وایە لانیکەم دوو دانە لەوانە دەگۆڕدرێن. شوێن هەر ئەو شوێنەیە بەڵام کات و بارودۆخەکە گۆڕاوە، یا ئەوەی کە کات

هەر ئەو کاتەیە وەلێ شوێن و بارودۆخەکەمان گۆڕدراون. لە ڕاستیدا ئەگەر لەو حاڵەتدا نەبێ بۆ نموونە ئێمە بمانەوێ تەنیا گۆڕانێکی کاتی نیشان بدەین؛ ئێمە ڕووداوەکانمان لە بەیانیدا ڕووی داوە ئێستا دەمانهەوێ ئێوارەی هەمان ڕۆژ نیشانی بدەین، جا دیارە ئێمە لە گەڵ گۆڕانی دیمەنێک ڕووبەڕووین نە لەگەڵ پەردە. یان بۆ نموونە ئەوەی کە بارودۆخێک دەگۆڕدرێ، یان شوێنەکەمان دەگۆڕدرێ. بۆ نموونە پێشتر لە پارکێکدا بووە ئێستا چووەتە دیویکەوە لە ماڵێک. لێرەدا و لەو بارودۆخەدا لەگەڵ گۆڕینی دیمەن ڕووبەڕووین.

وەک پرسیارێک! ئەسڵەن فەلسەفەی ئەو پەردە و سەحنەیە لە کوێوە هاتووە؟ لە ڕۆژگارانی قەدیم لە شانۆنامەی کلاسیکدا بۆ ئەوەی ئێمە ئەو گۆڕانە گشتییە نیشان بدەین پێویست بوو کە پەردە ببەسترێت چون شوێنی بەڕێوەچوونی شانۆکە لە ڕاستیدا دیمەنی چوارچێوەدار بوون کە پێیان دەڵێن سێنی ئیتالیایی. کە لە سنێکی بڵیندتر لە ئاستی بینەریان هەیە و بینەر لە خوارەوە چاو لە شانۆکە دەکات؛ بۆئەوەی ئەو گۆڕینە گشتییە نیشان بدەین پەردە دەبەسترا. چارەکێک، بیست خولەک تەنانەت نیو سەعات ئانتراکت دەدرا و پشوو دەدرا، بینەرەکان دەچوونە دەرێ دەچوونە نێو سالۆن پشوویان دەدا شتیان دەخوارد، قسەیان دەکرد، دوای چارەکێک بیست خولەک دەگەڕانەوە نێو هۆڵەکە. کاتێک پەردە دەکرایەوە لەگەڵ شوێنێکی جیاواز ڕووبەڕوو دەبوون یانی یەکسەر دەیاندی کە دێکۆری سەحنە گۆڕاوە، ڕووناکی دەگۆڕا، فەزاکە گۆڕاوە.

زۆربەی شانۆنامە قەدیمیەکان درێژخایەن بوون، بۆ نموونە لە شانۆنامەی شکسپیێر کە ئیجرا دەکرا یا ڕاسین یا مولییێر، جاری وابوو نزیک بە سێ سەعات و نیو یا چوار سەعات درێژەی دەکێشا هەر بەو بۆنەوە کە بینەر ماندوو نەبێت، شانۆکان سێ یا پێنج پەردەیی بوون بۆ ئەوەی کە کاتی پێویست بۆ پشوو و ماندوو نەبوونی بینەرەکان و بەردەنگەکان وجوودی هەبێ لە سەدەی بیستەم بەولاوە وەک گوتم زۆری ئەو یاسایانە تێکشکان، دیارە ئەو شتە هۆکاری خۆی هەیە وەک گەشەی تکنۆلۆژی، بۆ نموونە باسی تیشک و ڕووناکی کە بەڕاستی ڕووناکی یارمەتییەکی بەرچاوی بە شانۆ کرد. جاری وایە تۆ دەتوانی بە هەڵکردن و کووژاندەوەی گڵۆپێک تێپەڕ بوونی کات نیشان بدەیت، یان بە گۆڕینی گڵۆپێکی زەرد بۆ گڵۆپێکی شین گۆڕینی شەو و ڕۆژ نیشان بدەیت. یا تاریک کردنی بەشێک و ڕووناک کردنی بەشێکی دیکە دەتوانین گۆڕینی شوێنەکان نیشان بدەین و پێویست بەوە نییە ئەو پەردە ببەسترێ و پچڕانێک بکەوێتە نێو شانۆکە و بینەر بچنە دەرێ و دووبارە

بێنەوە ژووریێ. هەر بەو هۆیەوە هەرچی دێینە پێشەوە لە شانۆنامە مۆدێرنەکاندا ئێمە دەبینین کەمتر لە پەردەگەلێکی زۆر کەڵک وەردەگیرێ. زۆربەی هەرە زۆری شانۆنامەگەلی مۆدێرن تەک پەردەیین؛ بە هۆی خێراییەک کە ژیانی ئێستا هەیەتی لەوانەیە بینەری ئێستا نەتوانێ چوار سەعات لە هۆڵێکی شانۆیی دانیشێ. شانۆنامەکان ئێستا بەرەو کورت بوونەوە دەڕۆن، بەرەو ئەوە ڕۆیشتووە کە لە یەک سەعات یا سەعات و نیوێکدا شانۆکان ئیجرا دەکرێن. ئیدی بچڕانێکی تێناکەوێ و لە ڕاستیدا یەکسەرە بەڕێوەدەچێت. بە یەک سەعات، یەک سەعات و نیو بینەر دێتە دەرێ و ئەو شتەی کە پێویستە وەری گرتووە. بۆیە زۆر جار دەبینین لە شانۆ مۆدێرنەکاندا شانۆکە کورتترن لە چاو شانۆنامە کلاسیکەکان. زۆربەیان تەک پەردەیین و ئەگەر پێویست بە گۆڕینی دۆخێک، شوێن یا هەر شتێک بێت گۆڕینی دیمەنمان هەیە دەرهێنەرەکان ڕێگاوشوێنێکی بۆ دەبیننەوە و هەر یارمەتی نوور یا ئامێرەکانی سەردەم کە ئەوڕۆ لە بەردەستدایە وەک سێنێک کە دەسووڕێ یا زۆر شتی دیکەی ئاوا کە ئەو گۆڕینە نیشان دەدا.

لە ڕاستیدا ئەگەر بڵێین باری بایەخ دانانی ئەو شتە لە بەرچاو بگرین، کە من زۆریش لە گەڵ ئەو بایەخ دانانە نیم. تەنانەت ئەگەر بمانەوێ بایەخدانانێنکمان بێ لە ڕاستیدا یەک پەردەیی بوونی شانۆ و تەنانەت تاک دیمەنی بوونی شانۆ ئەرزشی زیاترە بە نیسبەت شانۆنامەگەلێک کە چەن پەردەیی و چەند دیمەنین. یانێ ئێمە هەرچی بتوانین ئەو بارودۆخە لە یەک پەردە و یەک دیمەندا ڕاگوازین، من پێم وایە لە شێوەی ئیجراییەوە، یارمەتییەکی زیاتر بە دەرهێنەر و گرووپی ئیجڕایی کردووە. بۆ ئەوەی بتوانن ئەو شانۆیە بە باشترین شێوە ئیجرا بکەن. من پێم وایە تا کاتێک کە پێویستییەک نەبێ، یانی بە ڕاستی دەبێ پەردەبەندی و دیمەن دانان لە دڵی پێداویستی ئیجراکەوە بێ، بۆیە دەڵێم باسی بایەخدانانەکە کەمێک هەڵەیە. چون لە ڕاستیدا نمایشی وا هەیە پێویستی بەو شتە هەیە چون ئەگەر جگە لەوە بێ ئەو دۆخە ڕاناگوێزرێتەوە. بەڵام بە ڕای من ئەگەر پێویستی و خوازیارییەک بێ درووستە. دەنا بەڕاستی زۆر پێویست نییە کە ئێمە شانۆکانمان دابەش بکەین و ئەوەندە پەردە و دیمەنی هەبێ؛ بە تایبەت لە شانۆنامە کورتەکاندا. ئێمە کاتێ دەبینین لە کارگەدا شانۆنامەییەکی چوار لاپەڕەیی یا پێنج لاپەڕەیی نەخێر دە لاپەڕەیی دەنووسین بەڕاستی ئیتر چەن پەردەیی کردنی شانۆییەکی پێنج شەش لاپەڕەیی کە ڕەنگ بێ لە ئیجرادا بیست یا سی خوولەک کات بگرێت؛ لەڕاستیدا لە ستانداردەکانی شانۆ زۆر دوورە و

پێویست نییە شانۆیەک کە خۆی بیست خولەکە تۆیش بچڕانی تێبخەی. پەردە ببەستریٚ، پەردە بکرێتەوە، بارودۆخ بگوڕدریٚ. بەو جۆرەی گوتم ئەوە تایبەتمەندی شانۆنامەگەلێکی زۆر درێژن، ئەو شانۆنامانەی کە بۆ نموونە لانی کەم سەد تا سەد وچل لاپەڕەن. ئەگەر بمانەویٚ نموونەیەک بێنینەوە بۆ دۆستانی چیرۆکنووس کە زیاتر لە گەڵ ئەو شتە ئاشنا بن دەتوانین بڵێین شانۆنامەگەلی چەن پەردەیی وەک ڕۆمان وان و شانۆنامەگەلی تەک پەردەیی وەک چیرۆک و کورتەچیرۆک وان. لە ڕاستیدا ئەگەر کەمێک درێژتر بن وەک نۆوێل وان. جا ئێمە لە ڕۆماندا بەشگەلێکی زۆر جیاوازمان هەیە و دەتوانین پەردەکان بشووبهێنین بە بەشەکان(فەسڵەکان). تۆ لە ڕۆماندا لە هەر بەشێکی نوێدا بارودۆخی کاتی، شوێنی، یا کەسایەتی جیاواز و شتی لەو چەشنە دێتە گۆڕێ. لە پەردەبەندی شانۆییشدا ڕێک وایە. وەلیٚ تۆ لە چیرۆکێکدا یا کورتەچیرۆکێکدا ئیدی نایەی بەش بەشی بکەیت، یا بێیت چیرۆکیٚ بنووسی بەشی یەک، بەشی دوو و سیٚ... خۆیشتان شارەزان ئیدی لە چیرۆک و کورتەچیرۆکدا ئەو کارە ناکەین زۆر زۆرەکەی ئیمکانی ئەوە هەیە کە ئەو چیرۆکە یا کورتەچیرۆکە دەینووسین بە چەن خاڵ یا ئەستێرە لێکی جیادەکەینەوە، یەعنی هەر یەک بەش و یەک بارودۆخە، یەک کاراکتێری سەرەکی و ناوەندی هەیە. لە لە کورتەچیرۆکدا گەر پێویست بێت دەتوانین چیرۆکەکەمان بکەین بە دوو بەشەوە یا سیٚ بەشەوە کە بە چەند ئەستێرە لە یەکی جیا دەکەینەوە کە ئەویش بە پێی پێویستییە. ئەو کارە کە دەکریٚ ئیدی گۆڕانێکی گەورە لە باری کەسایەتی یا لە باری مەوقەعییەت یا لە باری سووژە لە هەموو ئەوانە ئیدی لە چیرۆکدا ڕوو نادات. ئەو جیاکردنەوەی بەشانە لە کورتەچیرۆکدا وەک سەحنە و دیمەن وان و لە نێو شانۆدا، یانی گۆڕینی دیمەنی لە نێو شانۆدا و پەردەبەندی کردن یانیٚ دانانی پەردەگەلێکی جیاواز وەک بەش بەش کردن و دانانی فەسڵ وایە لە نێو ڕۆماندا کە من پێم وایە ئەو نموونە زۆر ڕوونە بۆ دۆستانی چیرۆکنووس و بۆ کەڵک وەرگرتن لە پەردە و دیمەن لە نێو شانۆنامەکانیاندا.



لە کۆتاییدا زۆر سپاستان دەکەم بۆ کاتێک کە داتانا و گوێتان ڕاگرت، هیوودارم باسەکان سوودی هەبووبیٚ

# پاشکۆ

## پاشکۆی دووهەمی چیرۆکەڵە «شانۆنامە»

### «شانۆنامەی "جەنابی شەڕ"»

### فەرهاد ساڵحی فەر

تێبینی " ئەم شانۆنامە بەبێ دیالۆگە و تەنیا جەختکراوە لەسەر دیکۆڕ و سەحنە واتە کاراکتێرەکان ڕۆڵی خۆیان لە بێدەنگیدا دەگێڕن"

پێش لادانی پەردەی سێن 'مارشی ' شەر لە دەرەوە بە شێوەیەکی پێشتر زەبت کراو دێتە گوێ و هاوکات پەردە دەکێشرێت، کە ڕووناکی دەکەوێتە سەر سێن لە لای ڕاست کەسێک کە دەمامکی لەسەر دەم و چاوە دەهۆڵێکی بەدەستەوە ڕاوەستاوە (بە جل و بەرگێکی هاوشێوەی ژێنراڵێکی بەتەمەن بە کۆڵێک میدال بەسەر سینگیەوە)

لە لای چەپیش بەرامبەری ئەو کەسێکی تر بە هەمان شێوە و دەمامک بەسەر و دەهۆڵ بە دەست.

لەبەر دەمیان سفرەیەکی سوور ڕاخراوە (لەسەر سفرەکە کۆمەڵێک ڕۆژنامەی لەت و کوت کراوی جۆراوجۆر بڵاو کراون)

تا دوو خولەک هەر دەنگی مارشی شەڕ لەدەروە دێت و لەگەڵ بێدەنگ بوونی کاراکتێری لای ڕاست زرمبە لەدەهۆڵەکەی دێنی و چەند جار لە دەهۆڵەکە ڕادەکێشی( لەگەڵ هەر لێڕاکێشانێک ڕووناکی سەر سێن دەڕوا و دێتەوە ) لەو کاتەدا لە لای ڕاستی سێن ڕا واتە لە ناو بەشی تەماشاوانەکانی هۆڵ کەسێکی ڕەش و ڕووت کە گوولە تۆپێکی لەسەر شانە(دەکرێ گوولە تۆپی ڕاستی بێ یان بە مەقەواش درووست کرابێ) خەریکە لەسێن سەردەکەوێ و هاوکات دەمامک بەسەرەکەی لای ڕاستی سێن لە دەهۆڵەکەی دەدا تا کەسە ڕەش و ڕووتەکە دەگاتە سەر سێن تەعزیمێک دەکات و گوولە تۆپەکە لەسەر سفرە ڕاخراوەکە دادەنێ و ئارەقەی ماندووبوونی دەسڕێتەوە کاراکتێرەکە دەهۆڵەکە ڕادەگرێ و

لە گیرفانی چەپکێک پووڵ دەردێنی و وەک شاباش بەسەریدا هەڵدەدا ئەویش بە شێوەیەکی سەماکردن هەردوو دەستی بڵاو دەکا و چەند چرکە بە تەواوی سێندا سوورِ لێدەدا و سێن بەجێدێڵی ، دەمامک فە سەرەکەی لای چەپ قاقایەکی شێتانە لێدەدا و ئەوجارە ئەو زرمبە لە دەهۆڵەکەی دێنی، لەگەڵ هەر جار لێدانی دەهۆڵەکە ڕووناکی دەڕوا و دێتەوە ئەم جارە لە لەی چەپی سێن ڕا لە ناو هۆڵەکەڕا ڕەش و ڕووتێکیتر بە بووخچەک بە کۆڵەوە لە سەر سێن وەسەر دەکەوێ (کاتی وەسەر کەوتنی بووخچەکەی کۆڵی دەنگی خرینگەی قاپۆڕە فیشەکی لێدێ) تا دەگاتە سەر سێن بەردەوام دەمامک لەسەرەکەی لای چەپ لە دەهۆڵەکەی دەدا لەو کاتەیدا کە بووخچەکەی لەسەر سفرە ڕاخراوەکە بەتاڵدەکا (کۆمەڵێک قاپۆڕ و پاشماوەی فیشەک)هاو شیوەی کاراکتێری لای ڕاست دەست دەکاتە گیرفانی و چەپکێک پووڵ دەردێنی و وەک شاباش بەسەر ڕەش و ڕووتەکەیدا هەڵدەدا ئەویش بە سەماکردن بە سەر سێندا سوورِ لێدەدا و سێن جێدەهێڵی..

هەردوو کاراکتێرەکەی سەر سێن دەست کەنەوە قاقا کێشان و بەردەوام و بە نۆرە دەهۆڵەکە لێدەدەن هەر جارەشیان ڕەش و ڕووتێک لە ناو هۆڵ ڕا کەرەسەیەکی شەڕ بە دەستەوە یان لەسەر شان دێنە سەر سفرەکەی سەر سێن و هەرکامیان شاباشی خۆی وەردەگری و بەسەماکردن و سوورِ لێدان بە ناو سێندا لە ناو دەنگی قاقا و دەهۆڵەکانی دەمامک بەسەرەکەی لای ڕاست و چەپدا سێن بەجێدێڵن ئەوکارە هەروا درێژەی دەبێت تا ئیتر سفرەکە بەتەواوی پڕ دەبێ و سێن تەواو دەبێتە گۆڕەپانی کەرەسەی شەڕ کە بەسەریاندا پووڵی شاباش فڕێدراوە و کاراکتێرە دەمامک بەسەرەکان ئەوەندەیان شت لەبەردەم قەڵاچۆ کراوە کە تەنیا سەریان دیارە ، بەدەل دەهۆڵ لێدان و قاقا کێشانەوە تاریکی دەکەوێتە سەر سێن و پەردەش هاوکات دەکێشرێت...

**سەحنەی دوو**

کە پەردە لادەدرێت ڕووناکی دەکەوێتە سەر پیاوێک لە سەر کورسی دانیشتووە و بە دەستێکی شەقەکانی بە دەستەکەی تریش لاقێکی مەسنووعی گرتووە..

(لە دەرەوەی سێن دەنگی زەبت کراوی مۆسیقاییەکەی ئۆپێڕایی دێت تێکەڵ بە گروپی کۆڕ کە خەریکن غەمگینانە هۆرەیەک دەچڕن شتێک لە چەشنی شینگێڕی)

ژنێک لانکەیەک بە کۆڵەوە دێتە ناو سێن (بە جل و بەرگێکی تەپ و تۆز لێکەوتوو ڕواڵەتێکی شەپرزە) کەمێک دوورتر لە پیاوەکە خەریکی ڕاژاندنی لانکەکە دەبێ(لانکەکە داپۆشراوە و ناوەوەی دیار نیە)

پاش چەند خولەک کە هەر دەنگی مۆسیقاکە دێت و ژنەکەش لانکەکە ڕادەژێنێ دوو کەس کە ئەم لاو لای بڕانکاردێکیان گرتووە دێنە ناو سێن(لەسەر بڕانکاردەکە چەند جووت پۆتینی شڕ و کۆن وەک پاشماوەی شەڕی لەسەرە) بڕانکاردە چەند جار بڵێند دەکەن و دایدەنێنەوە شەش کەس کە سێیان بەرگی سوور سێشیان بەرگی سەوزیان لەبەرە دێنە ناو سێن نیوەیان دەچنە لای ڕاستی بڕانکاردەکە نیوەشیان دەچنە لای چەپ دەستیان هەڵدێنن و قامکیان بە شێوەی سەرکەوتن جووت دەکەن و بەرامبەر یەکتر ڕادەوەستن ، جار جارەش جێگاکەیان دەگۆڕن و هاوکات لەگەڵ دەست بەرز کردنەوەی وان ئەو دوو کەسەی دیکە بڕانکاردەکە هەڵدەگرن و دایدەنێنەوە دەنگی مۆسیقاکە دەستێت و تەنیا گریانی کۆرپەیەکی ساوا بێدەنگی سێن دەشکێنی هەموو ئەوانەی لەسەر سێنن سەریان بۆ لای لانکەکە دەسووڕێنن و بە شێوەیەکی نمادین لەسەر سێن چۆک دادەن ( تاریکی بەسەر سێندا دەکشێت و ئەم سەحنەش کۆتایی پێدێ)

### سەحنەی کۆتایی

کە ڕووناکی دەکەوێتە سەر سێن کۆمەڵێک تابووت لەسەر سێن لەسەر یەک هەڵچنراون لە دوو بەشی جیادا و بەرامبەری یەک لای ڕاست پەڕۆی سووریان پیدادراوە و لای چەپیش پەڕۆی سەوز لە دەرەوەی سێن ڕا دەنگێکی زەبتکراوی ساکسیفۆن دێ دوو کەسایەتیە دەمامک پۆشەکەی سەحنەی دەستپێک دێنەوە سەر سێن دەهۆڵەکانیان لە تەنیشت تابووتەکان دادەنین و هەرکامیان لە لای تابووتەکانی خۆی خەریکی ژماردنیان دەبن لەگەڵ هەر بژارتنیش زەرپێک بە تابووتەکەدا دێنن و لە کۆتاییدا لای یەکتر دادەنیشن هەرکامییان لە باخەڵیان کاغەزێک دەردێنن و هاوکات پەنجەمۆری پێوە دەنێن لە تەواوی ئەم کاتەدا دەنگی ساکسیفۆنەکە هەر دێت و هاوکات لە گەڵ بەرز و نزم بوونی ساکسیفۆنەکە ڕەنگەکانی ڕووناکیش دەگۆڕێن کەسایەتیە دەمامک پۆشەکان شتێک بە گوێی یەکتردا دەسرکێنن و دواتر بە قاقا کێشان لە سێن دەچنە دەر..

ڕووناکی جارێک لە تابووتە کانی لای ڕاست جارێکیش لە تابووتەکانی لای چەپ دەکەوێ ، بە دەم دەنگی ساکسیفۆنەکە تاریکی تەواوی سێن دادەگری و پەردەکان دەکێشرێن.

(ئەمە تەنیا تەرحێکی سەرەتاییە و ئەگەر قەرار بێ ببێتە شانۆی تەواو پێویستی بە دیالۆگ و وردەکاری زیاترە)

**فەرهاد ساڵەحیفەر**



## «شانۆنامەی: "مارگەستە"»

## ناسر فەتحی

### دیمەنی یەکەم:

سەر سەکۆی شانۆ تاریکە، حەوت چرا لەسەر سەکۆ لە هەڵکەوتەی جیاجیا و لە بەرزی و نزمیی جیاجیا دەدرەوشێنەوە. وەک هێمای چرای حەوت ماڵی ئاوەدانییەک (گوند یان شار).

وردە وردە دەنگی گۆرانیی"ئەم ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە"ی حەسەن زیرەک بەرز دەبێتەوە. بەرەوکۆتایی گۆرانییەکە وردە وردە دەنگی گۆرانییەکە کز دەکرێ و هاوکات چراکان یەک لەدوای یەک دەکووژێنەوە. وردە وردە لەگەڵ ڕووناک بوونی سەکۆی شانۆ دەنگی کەڵەشێر و قریوە قریوی بەیانی و دەنگی پێکەنینی منداڵ دێتە گوێ.

دەنگەکە تەواو دەبێ و، لەلای ڕاستی سەکۆوە منداڵێکی کچی تەمەن نۆساڵانی پرچ دێژ، بە جلی ئاڵ و واڵای کوردییەوە دێتە سەر سەکۆ. هاوکات لە لای چەپی سەکۆشەوە پیاوێکی فوودانە فرۆش بە جلی کوردی و سمێڵ و قەڵافەتێکی ڕێک و پێکەوە دێتە ژوورێ. پیاوەکە دیارە دوو فوودانەی پێ ماوە، یەکی سوورە و یەکی کەسک.

لە ناوەندی سەکۆ پێک دەگەن. منداڵەکە پارەیەک دەدا بە پیاوەکە و بە ئاماژەی قامک داوای فوودانە سوورەکە دەکات. پیاوەکە بە ڕوخساری وا دەنوێنێ کە کچەکە داوایەکی هەڵەی کردووە، بۆیە کەسکەکەی دەداتێ. کچە منداڵەکەش بە نابەدڵی وەری دەگرێ، بەڵام دوای ئیستێک بە پێکەنین و حیندرحۆ لە لای چەپی سەکۆ دەچێتە دەرێ.

پیاوەکەش بە دڵخۆشی و بە ڕوخسارێکی گەشەوە ئەو فوودانە سوورەی پێی ماوە دەیتەقێنێ و دەنگی پێکەنینێکی جوانی لێ بەرز دەبێتەوە و بە ئالامی لەلای ڕاستی سەکۆ دەچێتە دەرێ.

### دیمەنی دووهەم:

سەکۆ بەرە بەرە تاریک دەبێ. ئیتر حەوت چراکە نابیسێن بەڵکوو فوودانە فرۆشەکە بە جلی کوردییەوە چراتۆڕ، یان فانۆسێکی بەدەستەوەیە و لەسەر سەکۆ دەگەڕێ و هاوکات دەنگی بانگ دێ.

فوودانە فرۆشەکە دەڕواتە دەرێ، دەنگی بانگەکە تەواو دەبێ و بەرە بەرە دەنگی ڕەوە گورگێک دێ، هەتا وڵات (سەکۆ) ڕووناک دەبێتەوە.

کچێکی گەنج بە جلی کوردییەوە لەلای چەپی سەکۆی شانۆوە دێتە ژوورێ و فوودانە فرۆشەکەش لەلای ڕاست. دیارە بێ فوودانە و ئەمجارە لە ڕۆڵی مرۆڤێکی ئاساییدا کە چووە بۆ ژوان. کچەکە گوڵێکی سوور دەدا بە فوودانەفرۆشەکە و ئەویش لەگەڵ کچەکە سەریان بە مەبەستی بۆن پێوەکردن بە گوڵەکەوە، پێکەوە دەنێن و لەو دۆخی بۆنکردنەدا دەمێننەوە تا بەرە بەرە وڵات (سەکۆ) تاریک دەبێ.

**دیمەنی سێهەم:**

سەکۆ تاریکە. فوودانە فرۆشەکە دیسان لە تاریکی سەکۆدا بە ئارامی وەک جاری پێشوو چرا بەدەست دێت و دەچێ. دەڵێی ئێشک کێشی دەکات. بەڵام ئەمجارەیان لەبری بانگ، دەنگی زکری دەروێشان بەدەفەوە دێ. فودانە فرۆشەکە دەچێتە دەرێ و دەنگی زکرەکە بەرەبەرە لەگەڵ ڕووناکبوونی سەکۆ کۆتایی پێ دێ و هاوکات دەنگی ڕەوەچەقەڵێکیش بەربەرە بەرز دەبێتەوە و لەگەڵ ڕووناک بوونەوەی یەکجارەکیی سەکۆ کۆتایی پێ دێ.

لەلای چەپی سەکۆ منداڵە تەمەن نۆساڵەکە ئەمجارە بە لەچکە و چارشێوێکی ڕەشەوە دێتە سەر سەکۆ. فوودانە فرۆشەکەش لەلای ڕاستی سەکۆ دێتە ژوورێ. بەڵام ئەو، هەمان جل و بەرگی دوو دیمەنی پێشووی لەبەردادەبێ؛ بەو جیاوازییەی ئەمجارەیان پشتوێنەکەی وەک پێچ و کڵاو لەسەری هاڵاندووە و کراسەکەی بەسەر پاتۆڵەکەی دا بەرداوەتەوە.

لە ناوەندی سەکۆ پێک دەگەنەوە، فوودانە فرۆشەکە دیسان دوو فوودانەی پێ ماوە، ئەمجارەشیان کەسکێک و سوورێک. کچەکە پارەیەک دەدات بە فوودانە فرۆشەکە و بە ئاماژەی قامک داوای فوودانە کەسکەکە دەکات. بەڵام فوودانە فرۆشکە بەهەمان دژکردەوەی جاری یەکەم، ڕازی نابێ و ئەمجارەیان بەپێچەوانە، فوودانە سوورەکەی پێدەدات. منداڵەکە فوودانەکە بە خۆشحاڵی و هەڵخستنەوە وەردەگرێ، بەڵام دوای ئیستیک بە خەم و خەفەت و بەئارامی لەلای ڕاستی سەکۆ دەچێتە دەرێ.

فوودانە فرۆشەکەش، فوودانە کەسکەکە دەتەقێنێ و ئەمجارەیان بە پێکەنینێکی شێتانە و ناشیرنەوە لەلای چەپی سەکۆ دەچێتە دەرێ.

**دیمەنی چوارەم:**

سەکۆ تارێکە فوودانە فرۆشەکە بە چرافتیلە یان چراتۆرێک شێتانە لەسەر سەکۆ دەخولیتەوە و دەناڵێنێ و هاوار دەکات؛ دیارە لەگەڵ هاوار هاوارەکەی هاوکات دەنگی بانگ و زکری دەروێشانیش، بە دەفەوە، تێکەڵ دێتە گوێ.

فوودانەفرۆشەکە بە هاوار و ناڵە ناڵەوە لەسەر سەکۆ هەڵدێ و لەگەڵ ڕووناکبوونەوەی بەرەبەرەی سەکۆ، دەنگی ڕەوە گورگ و ڕەوەچەقەڵێکیش پێکەوە دێت، تا ڕووناکی و بێدەنگی دەبێتەوە یەک.

کچە گەنجەکە لەلای ڕاستی سەکۆ دێتەوە ژوورێ. بەو تێبینییەی کچە گەنجەکە لەم دیمەنەدا و لە هەموو دیمەنەکانی پێشووش جلێکی کوردیی کەسکی لەبەردایە، لەگەڵ تارایەکی سوور بەسەرەوە.

پیاوە فوودانە فرۆشەکە، لەلای چەپی سەکۆوە، بەبێ فوودانە، وەک بۆ ژوان هاتبێتەوە، دیتە ژوورێ و بە جل و بەرگێکی کوردیی ڕێک و پێک و پشتوێنێکی سێ گرێوە، لە ناوەندی سەکۆ دەگاتە کچە گەنجەکە.

کچە گەنجەکە چەقۆیەک دەدات بە پیاوە فوودانە فرۆشەکە و پیاوەکەش چەقۆکە لە سەردڵی کچە گەنجەکە ڕادەکات و لەو دۆخەدا دەمێننەوە تا، سەکۆ تاریک دەبێ.

**دیمەنی پێنجەم:**

سەر سەکۆی شانۆ تاریکە. فوودانە فرۆشەکە بە چرایەک لەسەر شانۆ بە ئارامی دەخولێتەوە و لەبەرخۆیەوە گۆرانییەکی فلکلۆر بە ناڕوونی دەڵێتەوە. هیچ دەنگێکی وەک بانگ و چەقوولووری گورگ نایە و بەبێ دەنگی لەسەر سەکۆ دەچێتە دەرێ و بە بێدەنگیش سەکۆ بەرەبەرە ڕووناک دەبێتەوە.

لەلای ڕاستی سەکۆوە منداڵە کچە تەمەن نۆسالانەکە پرچ کراوە و، بە جلی ئاڵ و والای کوردییەوە دێتەوە سەر سەکۆ. هاوکات لە لای چەپی سەکۆشەوە پیاوە فوودانە فرۆشەکە بە جلی کوردی و سمێڵ و قەلافەتێکی ڕێک و پێکەوە دێتەوە ژوورێ. پیاوەکە دیسان دوو فوودانەی پێ ماوە، یەکی سوورە و یەکی کەسک.

لە ناوەندی سەکۆ پێک دەگەن. منداڵەکە پارەیەک ڕادەدێری بۆ پیاوەکە و بە ئاماژەی قامک داوای هەردووک فوودانەکە دەکات؛ پیاوەکەش پارەکەی لێی وەرناگرێ، بەڵام

هەردووک فوودانەکەی پێ دەدات و کچە منداڵەکەش بە خۆشحاڵییەوە وەری دەگرێ و بەبێ ئیست، بە پێکەنین و حیندرحۆ لە لای چەپی سەکۆ دەچێتە دەرێ.

پیاوە فوودانە فرۆشەکەش چەقۆی کچەکەی پێ کوشتبوو دەردێنێ و ڕوو بە ئامادەبوان بە دڵخۆشی و بە ڕوخسارێکی گەشەوە چەقۆکە وەک پاڵەوانێک لە زگی خۆی ڕا دەکات و دەکەوێ و لەو دۆخە دا دەمێنێتەوە تا سەکۆی شانۆ تاریک دەبێتەوە.

**دیمەنی شەشەم و کۆتایی:**

سەر سەکۆی شانۆ تاریکە، حەوت چرا لەسەر سەکۆ لە هەڵکەوتەی جیاجیا و لە بەرزی و نزمیی جیاجیا یەک بەیەک هڵدەبن و دەدرەوشێنەوە. وەک هێمای چرای حەوت ماڵی ئاوەدانییەک (گوند یان شار).

وردە وردە دەنگی گۆرانیی"ئەم ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە"ی حەسەن زیرەک بەرز دەبێتەوە. بەرەوکۆتایی گۆرانییەکە وردە وردە دەنگی گۆرانییەکە کز دەکرێ و هاوکات چراکان یەک لەدوای یەک دەکووژێنەوە. بەرە بەرە لەگەڵ ڕووناک بوونی سەکۆی شانۆش دەنگی کەڵەشێر و قریوە قریوی بەیانی و دەنگی پێکەنینی منداڵ دێتە گوێ.



## «شانۆنامەی "ژنان بەڕێز، پیاوان بەڕێز"»

## هێمن ئەمینی

"دیمەنی یەکەم"

شوێن بیابانێکی دوو لە شار. کات دەمەو ئێوارەیە. کۆمەڵە خەلکێکی جلوبەرگ شڕ و دڕاو دوابەدوای یەک بە نیسبەتی باڵایان لە باڵابەرز بۆ کورتەباڵا ڕیز کراون. ژنەکان بە جیا و پیاوەکانیش بە جیا بەرانبەر یەک ڕاوەستاون. کەس لەگەڵ کەس قسە ناکات تا ئەوەی منالێک لە ئاخری ڕیزی پیاوان و منالێکی تر لە ڕیزی ژنان دەس دەکەنە گریان.

لەناکاو تەپوتۆزێک هەڵدەستێت.

منالەکان دیسان هاوار دەکەن. منالی ڕیزی پیاوان هاوار لە باوکی دەکات کە لە ڕیزی پێشەوەیە. منالی ڕیزی ژنانیش هاوار لە دایکی دەکات کە لە پێشەوە ماندوو و ترس لێ نیشتوو ڕاوەستاوە.

تەپوتۆزەکە تەواو دەبێت.

هەر دوو منالە بچکۆلەکە لە ڕیزەکە دێنە دەر و بەرەو لای دایک و باوکیان هەڵدێن. دایک و باوکیشیان ئاگایان لەوان نییە. بە نێوانی دە میتر دووری لە دایک و باوکیان کتوپڕ دەکەونە نێو چالێک.

تەپوتۆزەکە دەست پێدەکاتەوە و خۆڵ سەری ئەو دوو مناڵە دادەپۆشێت. هەموویان دەکەونە قۆخەقۆخ. ژنەکان بە لەچکەکانیان، پیاوەکانیش بە جامانە و پشتوێنەکانیان بەر دەمولووتیان دەگرن.

تەپوتۆزەکە تەواو دەبێت.

دوابەدوای ئەوەی ئەو دوو مناڵە لە ڕیزەکە هاتنە دەر، دوو مناڵی تر هاوار بۆ دایک و باوکیان دەکەن کە بە هاواریانەوە بێن بەڵام وڵامێکیان نادەنەوە.

گێژەڵووکەیەک دەست پێدەکات.

کچ و کوڕە بچکۆلەکە لە ڕیزەکەی خۆیان دێنە دەر. دەکەونە نێو جەغزی سووڕێنەری گێژەڵووکەکە و دەسووڕێنەوە.

گێژەڵووکە تەواو دەبێت.

هەردووکیان لارەلار و بێ ئامانج بە ئەملاولادا دەڕۆن. دەکەونە نێو چاڵێک کە بۆیان هەڵکەندوون. پڕ بە قەبارەی خۆیانە.

تەپۆتۆز دەست پێدەکاتەوە.

خۆڵ جێگاکەیان پڕ دەکات.

هەر بەم شێوەیە مناڵەکانی تر دوابەدوای یەک هاوار دەکەن و...

**"دیمەنی دووهەم"**

شوێن هەر ئەو شوێنەیە. بەڵام کات نیوەشەوە. کەشوهەوا ساردە و مانگەشەو لە پشت هەورەکانە.

ژن و پیاوەکان هەر بەو شێوەیە لە بەرانبەر یەک بێدەنگ و دڕدۆنگ ڕاوەستاون. هیچ منداڵێک نەماوە تا هاوار بۆ دایک و باوکی خۆی ببات.

لە دوورەوە و بەحاڵ ڕووناکی گڵۆپی سەر شەقامەکانی نێو شار شەوق دەداتەوە.

تا دەڕوا هەوا ساردتر دەبێت. ژن و پیاوەکان برسی و تونییانە و زۆرتر لە پێشوو دەلەرزێن.

پاش چەن خولەکێک مانگەشەو دەردەکەوێت. پیاوەکان زاتیان دەشکێت و دەست دەکەن بە هاوارودا. دەنگێکی بەرز دایان دەچەڵەکێنێت. بێدەنگ دەبن. پاش چەن چرکەیەک ئەمریان پێدەکرێ کە هەر کام لە پیاوەکان لە شوێنی خۆیان دوای کەسی بەرانبەری، ناوی خۆی بەرز بڵێ. بەڕیز و پڕ بەخۆیان هاوار دەکەن: "ئەحمەد یاسین، شاهۆ محەمەد، فەرمان قادر، کاوە سەلیم، ئەبووبەکر موسلم، ڕێباز کەمال، سەردار شێخان، کامەران خالید، خەبات چۆمان."

تا نۆ جار ئەم کارە دووپات دەکەنەوە و هەر جارەی هێزی دەنگ هەڵێنانیان کەمتر دەبێتەوە.

وڵات تاریک دەبێتەوە و بێدەنگی وڵات دادگرێ.

ژنەکان خۆیان ناگرن و هەر هەموویان لە ڕیزەکەیان دێنە دەر. دەنگێکی بەسام دایاندەچڵەکێنێت و بێدەنگ دەبن. دیسان زوو ڕیز دەبەستن و پاش چەن چرکەیەک ئەمریان پێ دەکرێ هەر کەسێک لە شوێنی خۆی دوای کەسی بەرانبەری ناوی خۆی بەرز بڵێ. بەڕیز هاوار دەکەن.

ئەوانیش تا نۆ جار ئەم کارە دووپات دەکەنەوە و هەر جارەی هێزی دەنگ هەڵێنانیان کەمتر دەبێت.


وڵات تاریک دەبێتەوە و بێدەنگی وڵات دادەگرێ.

عەرزی بەر پێیان بەجووڵە دەکەوێ. دەنگی گریانی مناڵە نێژراوەکان، جەماعەتی ڕاوەستاو بەخۆ دێنێتەوە. تا دەڕوا هاوار و گریانی مناڵەکان زۆرتر دەبێت.

تریفەی مانگەشەو وڵات ڕووناک دەکاتەوە.

هەر ژن و پیاوێک بەرەو شوێنێک کە دەڵێی پێشتر بۆیان دیاریکراوە هەڵدێن. لە پەنای یەک ڕادەوەستن. چاویان بڕیوەتە عەرزی بەر پێی خۆیان و زۆر ناخایەنێت بە دەستیان عەرزەکە هەڵدەکەنن. هەڵمێکی سوور لە خۆڵەکە هەڵدەستێت. کوڕ و کچەکانیان دەبینن. چاویان پڕ بووە لە خۆڵ. مناڵەکان لە گریان دەکەون. دایک و باوکیان خۆیان فڕێ دەدەن کە دەریان بهێنن کە تەپۆتۆزێکی ناوەخت دەست پێدەکات.

تریفەی مانگەشەو نامێنێت و خاک و خۆڵی بیابانەکە دەچێتە نێو هەموو ئەو چاڵانەی کە پێشتر بۆیان هەڵکەندبوون.



## «شانۆنامەی "ژنێک لە درێژەی مەرگدا"»

**شەرمینساڵحی**

کەسایەتییەکان:

ژنێکی لاو

پیاوی موزیک ژەن

پۆستەچی

منداڵێکی کچ

پیاوێکی لاو

چەند مەیت هەڵگر

دیمەنی یەکەم: پەردەی سێن لادەدرێ، ژوورێکی گەورە تا ڕادەیەک تاریک بە دێکۆراسیۆنی هونەری، لە سێ لاوە دیوارە و بەرەو ڕووی تماشاوانەکانی نێو هۆڵەکە کراوەتەوە. لە سەر دیوارەکاندا تابلۆگەلێکی شێوەکاری داکوتراون. لە لای چەپ و لە سووچێکدا کۆمەڵێک کتێب لە چوار ڕەدیفدا لە سەر یەک هەڵچێندراون و چەند دانەیەکیش بە دەور و بەردا پژاوە. لە پەنای کتێبەکاندا کەمانێک دانراوە و فینجانێک و ژێرجگەرەیەک و پاکەتێکی جگەرە و دوو پەرداخ و قاپێکی بەتاڵ.

مێزێک و سێ کورسی لە نێوەڕاستی سێن دانراوە و یەک کتێبی لە سەرە.

لە سووچێکیتریشەوە پیانۆیەک و چەند لاپەڕەیە لە نۆتی مۆسیقا، لە سەر پیانۆکە دانراوە. موزیک ژەنێکی لاو بە پرچ و ڕیشی درێژ و کڵاوێکی لاری هونەرمەندانەی ڕەش لە سووچی ڕاستەوەی سێن لە سەر چوارپایەیەک دانیشتووە و کەمانێکی بە دەستەوەیە و گیتارێکیشی لە پاڵ خۆیا و بە کورسییەکەوە پاڵداوەتەوە. ڕووناکی لە دوو پەنجەرەی لای ڕاست و چەپەوە وەک دەرکەوتنی خۆر لە بەیانییەکی زوودا دەکەوێتە سەر ژنەکە، کە بە لادا لە سەر عەرزەکە کەوتووە و هەردوو قاچ و هەردوو دەستی لە یەک نزیک کردۆتەوە و خۆی بە تەواوی کۆکردۆتەوە. لە پەنای ژنەکەدا کۆمەڵێک قاقەز و دەفتەر و فلچە و

ڕەنگ دانراوە و چوارچێوەی بوومێکی نەققاشـــی لە ژوور ســـەریەوە هەڵپەســـێردراوە. مووزیک ژەنەکە موزیکێکی ئارام لێدەدات و لە پڕ ســـێن بێدەنگ دەبێ و زەنگی دەرگا چەند جارێک لێدەدرێ. موزیکەکە بە خێرایی و بە ڕیتمێکی توندتر لێدەدرێ. ژنەکە بە جل و بەرگی ســپییەوە ڕادەپەڕێ، شـڵەژاو و ڕەنگ پەڕیو و زەردهەڵگەڕاو بە ســەر و قژی شـێواو، هەردوو دەسـتی دەخاتە عەرز و هەڵدەسـتێتەوە و بۆ لای درگاکە دەڕوا، درگاکە دەکاتەوە. هاوکات موزیک ئارام دەبێتەوە. (پۆســتەچییەکی تەمەن ســی ســاڵان بە جل و بەرگێکی سەرتاپێ سەوزی تاریک بە چاویلکەیەکی دەور ڕەش لە چاویدا و جانتایەک لە شـــان و دەفتەرێک بە دەســـتیەوە لە چوارچێوەی دەرگاکە ڕاوەســـتاوە، نامەیەک دەتاتە دەســـتی ژنەکە و واژۆیەکی لێدەگرێت و دەڕوات. ژنەکە تا نزیک ســەکۆی ســێن ڕووبە تماشاوانەکان دێت؛ ڕووناکی دەخرێتە سەر دەم و چاوی، ترس و دڵەڕاوکێ لە دەم و چاویدا بەدی دەکرێت، تەوێڵی عارەقەی لێ دەڕژێنێت و قژی ئاڵۆز بە ســـەر شـــان و ملیدا شـــۆڕ بۆتەوە. موزیکەکە ڕیتمی خێراتر دەبێت نامەکە دەکاتەوە بە هەردوو دەســـت گرتوویە و ڕووبە تما شاوانەکان دەیخوێنێتەوە، پا شان مچۆڵەی دەکات و لە سەر چۆک دادەنیشێت و ئارام ئارام سەری تا لای عەرزەکە دادەنوێنێت.

سێن تاریک دەبێت و ڕووناکی تەنیا دەخرێتە سـەر پیاوە موزیک ژەنەکە. تماشـاوانەکان ســەرنجیان بۆلای پیاوە موزیک ژەنەکە دەچێت؛ دوو بۆ ســێ خولەک ڕیتمێکی خەماوی دەژەنێت.

ژنەکە وردە وردە سەری بەرز دەکاتەوە و هەڵدەستێتەوە سەر پێیەکانی، نامەکە هێشتا لە نێو مســـتییەتی و دەیکاتەوە، بە ســـەما کردن تا لای پەنجەرەکە دەڕوات و تووڕی دەداتە دەرەوە. موزیکەکە خێراتر دەبێت، جێگای خەوەکەی هەڵدەگرێت و لە سێن دەچێتە دەرەوە؛ سێن تاریک دەبێت.

**دیمەنی دووهەم:**

ژنەکە دەگەڕێتە دووبارە ســـێن ڕووناک دەبێتەوە(بە هەر جارە و تاریک بوون و ڕووناک بوونەوە جێگایەک لە ژوورەکە کۆ دەکاتەوە) بەردەوام موزیکەکە بە ڕیتمی خێرا لێدەدرێ. شـــیشـــەکان، ســـەر مێزەکە، تابلۆکان خاوێن دەکاتەوە، قاقەزەکان کۆ دەکاتەوە. لە ســـێن دەچێتە دەرەوە.

**دیمەنی سێهەم:**

ڕووناکی دەکەوێتەوە سەر پیاوە موزیک ژنەکە و دواتر دەخرێتەوە سەر سێن و ژنەکە بە جل و بەرگێکی کوردی دێتەوە.

بەرە و ســـووچی کتێبەکان دەڕوات، دادەنیشـــێت، لاپەڕەیەک لەم کتێب لاپەڕەیەک لەو کتێب؛ چاو بە هەموو کتێبەکاندا دەخشـــێنێت و بە دەور خۆیدا هەڵیاندەچنێت؛ ژنەکە دەست دەکات بە نووسین؛ دەنووسێ و دەیدڕێنێتەوە، دەنووسێ و دەیدڕێنێتەوە دەوری پڕ دەکات لە قاقەزی ملۆچەکراو؛ هەڵدەستێتەوە لە پشت پیانۆکە دادەنیشت؛ پیاوە موزیک ژەنەکە بێدەنگ دەبێت و سەری شۆڕکردووەتە سەر پیانۆکە؛ ژنەکە پشت لە تماشاوانەکان دەســـت دەکات بە پیانۆ لێدان؛ دەنگی پیانۆ لە نێو هۆڵەکەدا بڵاو دەبێتەوە. لە پشـــت پیـانۆکەیش هەڵـدەســـتێتەوە و دەڕوات لە بەردەم چوار پایەی بوومی نەققاشـــییەکە دادەنیشـــێت پیاوە موزیک ژەنەکە دیســـان کەمانەکەی هەڵدەگرێت؛ ژنکە فڵچەکەی بە دەستەوە گرتووە؛ دەست دەکات بە وێنەکێشان.

ڕوو بە تماشـاوانەکان دانیشـتووە و چوارچێوەی بوومەکە لە پیشـیدا دانراوە. ڕووناکی دەخرێتە ســـەر ژنەکە و بە ڕیتمی موزیکەکەوە فڵچەکە بە بوومەکەدا دەهێنێت. دواتر تابلۆکە هەڵدەگرێت وێنەی ژنێکە بە دوو باڵ و جلی سپییەوە لە سەر(زمینە)ی ڕەش بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێت؛ لە سـەر دیوارەکە هەڵیدەواسێت. ڕووناکی دەکەوێتە سـەر وێنەکە و سێن تاریک دەبێت ژنەکە دەچێتە دەرەوە.

**دیمەنی چوارەم:**

ڕووناکی لە چەشنی ڕەنگی سوور دەکەوێتە سەر مێزەکە و ـــ

- سێ کورسییەکەی نێوەڕاستی سێن؛

پیـــاوێکی گەنـــج و منـــداڵێکی کـــچ لە گەڵ ژنەکە دانیشـــتوون و کـــڵاوی چەژنـــی لە دایـــک بوونیـــان لە ســـەر کـــردووە. لە ســـەر مێـــزەکەیش کەیکێـــک بە چـــوار مـــۆمی داگیرســـاو و چەنـــد فشفشـــە و پـــزدان بە دەوریانـــدا دانـــراوە. منـاڵەکە فـــوو لە مۆمەکـــان دەکـــات و ژنەکە و پیـــاوەکەیش چەپـــڵە لێـــدەدەن و پێـــدەکەنن. پیـــاوەکە هەڵدەســـتێتەوە و دەســـتی ژنەکە دەگرێـــت، پیـــاوە مووزیـــک ژەنەکە کەمـــانەکەی لە ســـەر عەرز دادەنـــێ و گیتـــارەکەی پـــاڵ دەســـتی هەڵـــدەگرێت و دەســـت دەکـــات بە


ژەنین و ڕیتمێک کە پیاو و ژنەکە چەند خوولەکێ پێی سەما دەکەن. سێن تاریک دەبێت.

**دیمەنی پێنجەم :**

دیسان پیاوە مووزیک ژەنەکە بە کەمانەکەی ڕیتمێکی خێرا لێ دەدات. ترس و دڵەڕاوکێ بۆ تماشاوانەکان ساز دەبێت.

ڕووناکی دەکەوێتەوە سەر ژنەکە کە بەلادا کەوتووە و هەردوو قاچ و هەردوو دەستی لە یەک نزیک کردۆتەوە و خۆی بە تەواوەتی کۆ کردۆتەوە. چەند کەس بە دارە مەیتێکەوە دێنە نێو سێن، ژنەکە دەنێنە نێو دارەمەیتەکە و بەرزی دەکەنەوە و لە سەر شانیان هەڵیدەگرن و لە سێن دەڕۆنە دەرەوە. مووزیک هێدی و هێدیتر دەبێتەوە تا بە تەواوەتی کۆتایی پێ دێت.

**(پەردە دەکێشرێت) کۆتایی**



## «شانۆنامەی: "بە سەبکی دادایسم"»


**موحسین سوبحانی**

**پەردەی هەوەڵ:**

لە گۆشەیەکی تاریکی سەرشانۆدا و لە وێستگەی فەزایی کچ و کوڕێک بە جلی مەلەوانییەوە. خۆر لە تەشقەوە بە گابەردێک گیراوە. ئاسمان لە نیوەیدا بۆرە. هەڵم دەفڕێ. لە ئاسۆی دوورەوە چیا خۆی دەگوشێ. لە ڕۆژئاوا بایەکی سارد دەکا بە شەقامەکەدا. لە پەنجەرەی ماڵێکدا کەنیشکێک بە دەم سەماوە خەو هەڵیدەگرێ. پیرەمێردێک گۆچانەکەی لە ئاسمان دەسوێ. شەقامەکە خۆینی مەییوە و چەند دووکانی بەربۆتەوە.کاتژمێری گۆڕەپانەکەش هیچ میلێکی لێ نەماوە و هەر چرکەی دێ.

**پەردەی کۆتایی:**

دوو مراوی لە قەفەزێکدا پاڵ کەوتوون. کەمێک ئەولاتر پیرێژنێک چەترێکی بەراواژی خستۆتە بەر هەتاو. لە سەر نیمکەتێک لە سووچێک ڕا چەند مێشێک ترەختان ئەکەن. لە پێشەوە دوو سۆزانی لەسەر ئەوەی کامیان لە ئوتۆمبیلەکە سەرکەون دەبێ بە مەرافەیان. لە پشتەوەش منداڵێک کە سواری قامیشێکە بە خەمساردییەوە سەیریان دەکا. پەردەکە دادەخرێ



## «شانۆنامەی:" تەقینەوە گەورەکە!"»

## دابان عەتتار

**- دیمەنی یەکەم**

(سەر سەکۆی شانۆکە بە تەواوی تاریکە، دەنگی تەقینەوەیەک دێت، دووبارە خامۆشی باڵ دەکێشێتەوە بەسەر سەکۆ تاریکەکەدا، چەند چرکەیەک بێدەنگی بەردەوام دەبێت، دواتر لە ناوەڕاستی شانۆکەوە ڕووناکیەکی سوور سەرەتا ڕووخساری پیاوێک ڕووناک دەکاتەوە، بە سەرسامیەوە ڕاماوە و شێوەی بیرکردنەوەیەکی قووڵی پێوە دیارە)

-دەنگێک بەرزدەبێتەوە:

سەرەتای گێڕانەوەکەمان کەسێکی بیرکەرەوە هەبوو...

دەموچاوی پیاوەکە دۆخێکی زۆر جددی پێوە دیارە، کە لە بیرێکی قووڵ ڕاچووە.

تاریکی باڵدەکێشێ...

**- دیمەنی دووەم**

(سەر سەکۆی شانۆکە تاریکە)

دەنگێک لە ناوەڕاستی سەکۆی شانۆکەوە بەرزدەبێتەوە لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگەکەدا ڕووناکیەکی سوور لە ناوەڕاستی سەکۆکەوە جەستە و ڕووخساری پیاوێک ڕووناک دەکاتەوە، کە چوارمەشقی دانیشتوە و بیرکردنەوە و ڕشدی بە ڕووخساریەوە دیارە، پەنجەی دۆشاومژەی لە سەرووی گوێیەوە لەسەر سەری داناوە، دەنگەکە ئەو قسانە دووبارە دەکاتەوە:

(کەسێکی ئەزموونکار،دەیویست ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە بیخاتە ژێر نەشتەری کردارەوە...

(حەوتجار ئەو دەنگە دووبارە دەبێتەوە لە شێوەی دەنگدانەوە.)

دەنگی خوورەی ئاو و شەپۆلی ئاو دێن.

**-دیمەنی سێیەم**

( تاریکی باڵی کێشاوە، لە ناوەڕاستی سەکۆکە ڕووناکیەکی بازنەیی سوور ڕووناکی دەکاتەوە، پیاوێک بەهەمان شێوەی پەردەی پێشوو دانیشتوە و بیردەکاتەوە)

ئیستێک بێدەنگی باڵ دەکێشێ، دواتر هەمان دەنگە گرەکەی پێشوو دەبیسترێتەوە، کە ئەم دێرانە دەڵێ:

دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بیریکردەوە، دواتر بە خۆی گوت: دەبێ بەرەنجامی ئەو بیرکردنەوانەم بخەمە باری کرداریەوە، دواتر چاوەڕێ ما تا هەر لە خۆوە و بەبێ جوولە شتێک ڕوودات...

پشتەوەی پیاوەکە وێنەی شاخ و گرد لەسەر دیوارەکە درووست بوون.

**دیمەنی چوارەم**

(سەکۆکە تاریکە، لە ناوەراستی سەکۆکە ڕووناکیەکی سووری بازنەیی ڕووناکی کردوەتەوە، مێزێک دانراوە، لە ناوەڕاستی مێزەکە گۆیەکی زەوی داندراوە، لەلای ڕاستی گۆیەکە گۆیەکی ڕوناکی درەوشاوە هەیە، لە لای چەپی گۆی زەویەکە، گۆیەکی ڕەش هەیە. هەمان پیاو، بەڵام بە ڕیشێکی ماش و برنجیەوە لە پشتی مێزەکەوە لەسەر کورسیەک دانیشتوە، بەبێ جوولە لە گۆی زەویەکە ڕاماوە.

چەند خوولەکێک ئەو دیمەنە دیارە.

**دیمەنی پێنجەم**

( سەکۆکە تاریکە، ڕووناکیەک پیاوەکە ڕووناکدەکاتەوە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا، دەنگی کۆمەڵێک باڵندەی جیاواز دێت، وێنەی باڵندەکان بەشێوەی تیشکی ڕەنگاوڕەنگ لە سەر دیوارە تاریکەکان دەردەکەون)

پیاوەکە زیاتر پیری پێوە دیارە، موی سپی زیاتر لە قژ و ڕیشیدا هەن، ڕووخساری ڕشدی و بیرکردنەوەی پێوە دیارە، ئیستێک سەیری ئامادەبووان دەکات لە بەردەمی خۆیدا وەک ئەوە وایە سەرنجی لە شتێکی دوور دابێت، دواتر، لەلایەکی سەکۆکە شێوەی ڕەنگاوڕەنگی ماسی دەردەکەوێت، کە دەجووڵێنەوە(ماسیەکان بە تیشکی ڕوناکی ڕەنگاوڕەنگ لە دیوارەکە دەدرێن))

پیاوەکە وەک ئەوەی سەرسام بووبێ سەری خۆی دەسووڕێنێ و بەبێ ئەوەی لە جێی خۆی بجووڵێ سەرنج لە ماسی و باڵندەکان دەدات.

**دیمەنی شەشەم**

(سەکۆکە تاریکە، وێنەی کۆمەڵێک گیانەوەری جیاواز لە سەر دیوارەکانی سەکۆکە دەردەکەون

چەند خولەکێک ئەو دیمەنە بەردەوام دەبێت، دواتر:

ناوەڕاستی سەکۆکە بە ڕووناکیەکی بازنەیی ڕووناکدەکرێتەوە، بووکەڵەیەک لە شێوەی مرۆڤ داندراوە، هەمان پیاو بەڵام بە قژ و ڕیشێکی سپیترەوە بەرانبەر بووکەڵەکە وەستاوە و لێی ڕاماوە) دواتر دەنگێک هاوار دەکا ملکەچی بنوێنن، وێنەی ئەو تیشکانەی لە شێوەی ئاژەڵان بوون لە جووڵە دەکەون و ڕیز دەبەستن. پیاوەکە ڕووی لە دیوارەکان دەکا و بە فیزەوە دەستەکانی بەرزدەکاتەوە و قاقا دەکا، ڕووناکیەکان دەکوژێنەوە، سەکۆکە تاریک دادێت، دواتر ڕووناکیەکی بازنەیی بووکەڵەکە ڕووناک دەکاتەوە.

**دیمەنی حەوتەم**

تەواوی سەر سەکۆکە سپییە، سەکۆیەکە بە تەواوی خاڵیە لە هەر شتێک، هەمان پیاو بە سەروڕیشێکی تەواو سپیەوە جلێکی سەرتاپا سپی لەبەرە، لە ناوەڕاستی سەکۆکە دانیشتوە، گۆچانێکی بەدەستەوە گرتوە، بە کوڕەکوڕ بە هۆی گۆچانەکە هەڵدەستێتە سەرپێ. ڕووخساری هەمان بیرکردنەوە و ڕشدی پێوە دیارە. دەنگێک دەبیسترێت:

تەمەنێکی زۆر ڕۆیشت و هیچ ڕووی نەدا، چاوەکانی لە چاوەڕوانیدا کزبوون و پشتی کووڕبوو، وەک دارێکی پیرچەمایەوە، بەڵام هیچ شتێک ڕوویدا! کەوتە نێو گومان و سەرلێشێواوی، لە خۆی پرسی: ئەگەر بمرم چی؟ کێ دەزانێ من ژیانی خۆم لە پێناوی زانستدا بە تاقیکاریەکی ئاوا لەنێو بردوە؟! ئەدی ئەو قوربانی دانەی من لە پێناوی زانستدا چی لێ دێت؟ نا دەبێ کەسێک ئەم هەوڵەی من بگێڕێتەوە بۆ ئەوانی دی، تا لەوە تێبگەن، کەسێک هەبووە ژیانی خۆی لە پێناوی زانستدا بەخت کردوە، تا ئەو ڕێگەیە تاقیبکاتەوە بۆ ئەوانی دی.

دواتر لە خۆی پرسی: کێ ئەوە دەگێڕێتەوە لەکاتێکدا ئێرە کەسی لێ نیە و منیش بۆ گەیاندنە ئەنجامی تاقیکاریەکەم دەبێ هەرچاوەڕێ بم و هیچ شتێک نەکەم؟ دەنگێکی کزتر لە شێوەی چپە دەڵێ: خۆت ئەوە بگێڕەوە، خۆت ئەوە بگێڕەوە.. چەندجارێک ئەو دێرە دەنگ دەداتەوە.


دەنگەکەی پێشو بەردەوام دەبێت: دوای ئەوە لە خۆی پرسی: بۆ مەگەر گێڕانەوە جووڵە نییە؟!

نا چاوەڕێ دەبم هەر لە خۆوە ئەم تاقیکاریەی من بگێڕدرێتەوە...

کاراکتەرەکەمان بەوپەڕی ورەبەرزیەوە چاوەڕێ ما تا مرد، پیاوەکە لەسەر سەکۆکە دوای ئەوەی بە چەند جووڵەیەک وێنای مردن دەکا و بەردەبێتەوە...

دەنگەکە بەم قسەیە کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێت: ئەم چیرۆکە گێڕدرایەوە

**پەردە دادەدرێتەوە**



# چیرۆکی میوان

**«نائومێدی»**

بە کۆڵێک خەیاڵ و بیری پڕ لە ناسۆر و تەمەوە خۆی کرد بە ژوورەکەیدا و لە پەنا سۆبەی ڕەش و چڵکن و تۆزاوی دانیشت و دەستە لەرزۆک و سارد و و سڕەکەی لە سۆبەکە نیزیک کردەوە،سەری هەڵێناو بەدڵێکی پڕ لە خەم و ماتەم چاوێکی لە وێنەی لە قابگیراوی سەر تاقچەی دیوەکەی کرد و فرمێسک لە چاوی دا قەتیس ما و بە هەر دوو دەست چاوی خۆی گرت و بە سۆز و کوڵ دەستی بە گریان کردو خەشی دڵی هەڵڕشت.

دوای ئەو شیوەن و گرین و ناڵەیە سەری هەڵبری و تەماشایەکی لە ژوورەکەی کرد ،ژوور چ ژوورێک:دیوێکی کڕ و کپ و بچووک و تاریک و بەسام و ڕەش هەڵگەڕاوی بێتین و گڕ و سڕ و شڕوشەپڕێو کە لە چوار لۆچی دیوەکە کتێب و قەڵەم و کاغەزو دەفتەر بڵاو ببوونەوە و دیمەنێکی خەماوی و غەریبانەی نیشان ئەدا.

ڕێباز هەفتەیەک بوو کە نیزیکترین کەس و خۆشەویسترین هاوڕێی لە دەست دابوو، کەسێک کە بۆ ئەو زۆر گرینگ و خۆشەویست بوو و زۆربەی کاتەکانی ژیانی لە گەڵ ئەودا ڕابواردبوو و هەست و خوستی ژیانی یەکتریان ئەزانی و پێکەوە گەورە ببوون و هۆگر و ئاوێتەی یەکتر بوون بەڵام لە ناکاو مۆتەی چاوچنۆک و ڕەشی ژیان هاوڕێکەی حەشار دا و بەداوی شێرپەنجەی خوێن گیانی لێ ئەستاند و زۆر زاڵمانە و بێڕەحمانە چرای بەختی لێ خامۆش کرد و باڵی هەڵپرووزاند و گوڵی تاسە و حەزی لێهەڵپڕووکاند و حەسرەت و داخی بۆ هاوڕێکانی و بنەماڵەی بە جێهێشت و هەزاران ئاوات و خولیای پێنەگەیشتووی لە گەڵ خۆی بۆ گۆڕی تاریک و تەنگ برد .ڕێباز دوو ڕۆژ بوو لە گوندەوە هاتبۆوە بۆ شار تا لە دەرسەکانی وەدوا نەکەوێ .چۆن لە کۆتایی ساڵ دا تاقیکردنەوەی گشتی (کونکوور)ی بوو و دەبوایە خۆی ئامادە بکردبایە تا ڕەنج و زەحمەت و تێکۆشینەکەی بە فیڕۆ نەڕۆ .بەڵام کاتێک ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە ڕووی دا بە گشتی لە دەرس و متاڵە سارد بۆوە و ورە

و وزەی لێ بڕا و هەرچی تێدەکۆشی تا لەو حاڵەت و شێوەیە ڕزگاری بێ نەیدەتوانی و زۆر نائومێد ببوو و سەری لێشێوابوو و تووشی نەخۆشی رۆحی ببوو.

شەوانە زۆر درەنگ خەوی لێدەکەوت و بەیانان درەنگان خەوەری دەبۆوە ک کات وساتی نان خواردن و شیو کردنی بە گشتی لێ شێوابوو و دایمەن گرژ و کز و مات و مەلول و غەمین بوو و تەنیایی و بێکەسی ڕۆحی تەنیبوو و جەستەی کز و لاواز و نەحیفی ئازار ئەدا و ڕۆژ و شەو لای ئەو زۆر درەنگ تێدەپەرین.

ڕێباز لەو کاتانەدا پەنای بۆ نووسین دەبرد و خەش و زام و ناسۆری دڵی پڕ لە تەمی خۆی هەڵدەڕشتە سەر کاغەز و بەو کارە ڕۆحی نائارام و یاغی بووی هێمنایەتی دەهاتەوە و ئۆقرەی دەگرت.

ڕێباز لە هیچ سووچ و کەلێنێک تاڤگەی هومێد و تەمای بەدی نەدەکرد و گەردەلوولێکی چڕ مۆمی هومێدی لێ دەکووژاندەوە و لە هیچ لایەکەوە باران و رنوو بە سەر شۆرەکاتی ڕۆحی برینداری دا نەدەباری و باهۆزی بێڕەحمی ژیان ئاوات و حەز و تاسەکانی لێ پچریبوو.

**ڕەسووڵ ئاغاپوور**



## «ئەمماڵە حەوشەی نییە»

هەندێ شت هەن کە زۆر جار بێبایەخن. بەڵام بەهۆی هاوکات بوون لەگەڵ ڕوودانی ڕووداوگەلێک ئەبنە جێگای سەرنج پێدان. ئێمە بنماڵەیێکین ئاسایی چما تەواوی بنەماڵەگەلێ کە کەمتر ڕووداوێکی ناخۆش و نەخوازیاو لەماڵیان روو ئەدات. ڕەوتێکی ڕۆژانە، باوکم وێنەی زۆرینەی باوکەکان بە ڕۆژا لە سەر کارە، دایکیشم خەریکی کاری نێو ماڵە. بیرەوەرییەکانمان لە ماڵە پێشووەکەمان ئێکجار زۆرە. شەڕی باوکم لەگەڵ من و ئەنوەر، لەگەڵ دایکم، شایی و زەماوەند و کایە و هەموو چەشنە بیرەوەرییێک. ماڵ و کۆچمان هێناوە بۆ ماڵی نوێمان. دایکم دەس بەجێ چێشت درووس ئەکات. باوکم درێژ بۆتەوە و تەماشای ئەخبار ئەکات. منیش بیر لە بێ حەوشەیی ماڵی نوێیمان ئەکەمەوە و بەرەو ژوورەکەی خۆم ئەڕۆم. لەژێر قەراغی مووکێتی لای پەنجێرە لۆی کاغەزێک دیارە. چاوی لێ ئەکەم.

"ئەمە دووهەمین پێنجشەمەیە تۆ نایی بۆ سینەما. کچەکە زۆرت یاد ئەکەم ئەمڕۆ چاوم بڕی بووە گیشەی سینەما، هەموو خەڵکم بە وردی چاو لێکرد، هیچیان تۆ نەبووی. پێموا ئەگەر پێنجشەمەکەی تریش نەهاتی ئیتر هیلاک بم و لە پشت پەنجێرە چاوەڕێی هاتنت نەبم. زۆر حەزم لێیە هەرچەن کەم بەڵام لەگەڵت قسە کەم. زۆر کەس هاتن بۆ گیشەی سینەما و تۆ نەبووی. یادت ئەکەم".

نامەکە نیشان ئەنوەر ئەدەم.

**عەلی خەلیلی**



## «ئەو دێڕانەی بۆنیان بوو»

... دەست خۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوە دەکەین. هیوادارین نموونەتان لەم وڵاتە زۆر بێت. بێگومان ئەگەر هەرهەمووی خەڵکی بەم قەناعەتە دەگەشتن ئیتر کەسێک نەبوو کە کلا بێت و... .

ڕادەچڵەکم. زۆر سەیرە. سێبەری سەرێک لە سەر ئەم کاغەزە کە بێگومان سەری خۆم نییە دیارە. وەک بڵێی ئەویش ئەو دەقە دەخوێنێتەوە. بەڵام خۆ کەس جگە لە من لێرە نییە. ڕەنگیشە هەبێ. بەڵام نا. لەم چۆڵگەدا و لەنێو ئەم دۆڵ و دەشتەدا کەس نامدۆزێتەوە.

لەماڵ وەدەردەکەوم و سەرێکی دەورو پشت دەدەم. لەبەر دەرکەی ماڵەکەدا دەوەستم. شەوقی چرای ماشینێکی گەورە کە خەریکە پێچی جادەکە ڕەت دەکا سێبەری دارەکانی بەرامبەرم دەخاتە پشتمەوە. بەسەر دیوارەکەی پشتمدا سێبەری لقی دارەکان جێبەجێ دەبن. هاڕەی ماشینەکە لە دوورەوە دێت و تا دێت زیاتر دەبێت. لە پشتی ماشینەکە کەسێک دەگوڕێنێ: "شەوقی چرایەک دیارە. لێرەیە. زووبن." ماشینەکە بەپرتاو دێتە سەر و منیش لە ترسان خێرا دەچمە ژوورەوە. گڵۆپی سەر درگاکە دەکوژێنمەوە و پشتی درگاکە دادەخەم. دەنگی پشتبەستی دەرگاکە لە نێو ژوورەکەدا پەنگ دەخواتەوە. خێرا بە بەستنی درگاکە دەچمە نێو ماڵەکە و لێی دوور دەکەومەوە. بێدەنگ و بەترس و لەرز ڕادەوەستم. دەنگی ئەو ماشینە تا دێت زۆرتر دەبێ. وردەوردە دەگەنە بەردرگای ماڵەکەم. لە هاڕەی ئەو ماشینە هەموو شووشەو درگایی ماڵەکەم دەتەزێ. ڕایدەگرن. هەر هاڕەی دێت. کەسی پشت ماشینەکە خێرا دێتە خوارەوە و لە دەرکە دەدات. خێرا خێرا بە مست لێی دەدات. "بڵێی هێنابێتیان؟ جا ئێرە بۆ؟" دووبارە و چەند بارە لە درگاکە دەدەن بەڵام من جم ناخۆم. دەنگیان دەبیسم: "خێراکە. چرای چی! کەس لە ماڵ نییە. ئێرە کەسی لێ ناکەوێ." خێرا دەچمە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی تەنیشتەوە و دەڕوانمە بەردرگا. لە سووچی پەردەکەوە دەڕوانم، وا کە کەس نامبینێ. "خۆیان بوون، ڕەنگە ئەویشیان لەگەڵ بووبێ بەڵام نا بە زیندوویی، ئەوەندە نامێنێ؟" تا هاڕەی ماشینەکەم لە گوێدا بێ خۆم دەپارێزم پاشان لە ماڵ دەردەکەوم. دیار نەماون. نازانم بەرەو کوێ چوونە. وا خەریکە شەو دەگاتە نیوە. هیچ جووڵەیەک نییە. گەرما پیاو لە خۆیشی بێزار دەکات. "بەرگە ناگرێ. تا ئەلان حەوت کفنی زەرد کردووە. بریا دەمزانی ئەویشیان لەگەڵ بوو؟"

خێرا دەچمە ژوورەوە. هێشتا ترس لە دڵ و جەستەمدا فەرمانڕەوایە. دەترسم بگەڕێنەوە. لە کاتی چوونە ژووردا سێبەری کەسێک لە پشتی دارەکانەوە دەکەوێتە سەر دیواری ماڵەکەم و سەرنجم بۆ لای خۆ ڕادەکێشێ. چەند ڕۆژە هەیە. تەنانەت لە نێو ماڵیشدا لەگەڵمە. ڕۆژانی ئەوەڵ زۆر سەرنجی بۆ لای خۆی ڕادەکێشام بەڵام ئیتر ئاوڕ نادەمەوە تاکوو بزانم کێیە. نابێ ترسی خۆم دەرخەم. درێژە بە ڕۆشتنەوە ژوورەکەم دەدەم و دەچمە ماڵەوە. خێرا پشتی درگاکە دادەخەم. دەنگی هەموو ماڵەکە دەتەنێتەوە. بە خۆفەوە لەنتەرێک دادەگیرسێنم. "نابێ چراکان هەڵکەم. لە ناکاو هاتن چی بکەم؟" جگەرەیەک دادەگیرسێنم. باش دەزانم هەرکات بە دووکەڵی جگەرەکە چاوم بکزێنێتەوە ئەوە کەم خەوتووم. دووشەوە ڕەنگە بە ساعەتیش نەخەوتبێتم. بەڵام جارجار بۆنێکی ناخۆش بە لووتمدا دێ. لە بەیانییەوە هەر هەیە.

دەچمە لای ژووری ماڵەکە. لە دووی پاروویەک نان دەگەڕم. لە برسان سکم بە پشتمەوە نووساوە. سێ ڕۆژە سێ ژەم نانم خواردووە. خێرا خێرا کلۆیەک قەند دەخۆم کە بەڵکوو بەر دڵم گرێ. چەند پاروو نان دەنێمە نێو زارمەوە بە دوایدا قومێک ئاو دەخۆمەوە. ئەمانەش لە تەواوبوون دان. لە قەراغ چراکە ڕادەکشم بە هیوایی چارەکێک خەو. دەچمەوە لای لەنتەرەکە. دووبارە هەمان بۆن دێ بە لووتمدا. جارجار زۆر و جارجاریش کەم دەبێتەوە.

جەماعەتێک وا بە کۆڕ ئاگرێکی گەورەیان کردۆتەوە و بەدەوریدا هەڵدەپەڕن. عەبەش لە نێوەڕاستی کۆڕەکە بە چەپڵە لێدان گۆرانییەک دەخوێنێ. لە بەردەم هەموویان دەوەستێ و خێراخێرا گۆرانییەکە کرژو خاو دەکاتەوە ئەوانیش بە دڵێکی خۆشەوە قوولەی بۆ دەکەن و پەیتا پەیتا سەرچۆپی دەگۆڕن. دەچێتە نێو ڕیزیانەوە و شان لە شانیان دەدات. هەموویان یەک جلو بەرگیان لە بەرە. جامانەیەکی خانخانیان بەستۆتەوە کە داویانەتە بەر دمیشیان. چەک لە شان و پووزەوانە لە پێ. هەموو وەکوو ئاگری نێوەڕاستیان دەگەشێنەوە. دەڵێی دنیا هی ئەوانە.

لە خەو ڕادەچڵەکم. سەیرە. ئەو ترسە لە خەویشدا لە کۆڵم نابێتەوە. تۆزێک لەسەر نوێنەکەم دادەنیشم. دەستم دەکەوێ لە لەنتەرەکە و وریا دەبمەوە. بڕێک بیر دەکەمەوە. تارماییەک هەر هاتوچۆیەتی. کەوتۆتە سەر پەردەی ژوورەکەم. هیچ سەرنجی نادەم و دووبارە ڕادەکشم. بە هیوایی سەرخەوێکی‌ترم.

زۆر هیلاکم کاکە. پازدە ڕۆژە ئێمە لە نێو ئەو سەختو سەرمایەدا دەژین. هەموو لەشم لە سەرما شین بۆتەوە. زۆریشم برسییە. ئەو زامی کەلەکەشم چەن ڕۆژە لە سەرما چڵکی کردووە. خێرا سەرمام دەبێ. لێفەی زیادیت نییە کاکە؟ کوڕە بەخوا زۆرم سەرمایە. دەترسم کوڕە، زۆر نەخۆشم، کاکە لێفەی زیادیت نییە؟ کاکە! لەگەڵ تۆمە، وەڵامت نییە کاکە! کاکە!

لە خەو ڕادەچڵەکم. چەندە خەونی سەیر. کاس بوومە. عەبە لە خەویشمدا هەیە. خێرا نزیکی لەنتەرەکە دەبمەوە. جگەرەیەک دادەگیرسێنم و دەچمە بەر پەنجەرەکە. قریوەیەکی سەیرە. هەمان جەماعەتی نێو خەونەکەوە هاتوونەتە بەر پەنجەرەکە و هەر بەو نەزمە خەریکی هەڵپەڕکێن. عەبەش خەریکی گۆرانی وتنە. "شوکر هێشتا ماوە. ئەی ئەو خەوە چی بوو؟ لەشو لاریشی هێشتاکە ساغە. بەڵام لەم دەشتە و لەبەردەرکەی ماڵی مندا؟ ئا لەم چۆڵگە؟ خۆ ئێرە کەسی لێ ناکەوێ... شتی وا نابێ..." خێرا دەچمە بەر دەرکەکە بانگیان کەم بێنە ژوورەوە بەڵام هەر کە گەشتمە ئەوێ تەنیا شوێن تەگەری ماشینەگەورەکە مابوو. تەنانەت شوێنپێی یەک کەسیش دیار نییە. نە ئاگر بوو و نە شایی. سەرێکی لای سەرووی ماڵەکەشم دەدەم بەڵام کەسم نەبینیەوە. جگە لە تارماییەک کە تا من گەشتمە ئەوێ دابەزی و بەرەو خوار چوو. خێرا هاتمە ژوورەوە. دەستبەجێ وەرگەڕام و پشتی درگاکەم داخست. ئەو بۆنە ناخۆشە دووبارە هەیە. سەرم لێی وەژان کەوتووە.

لەگەڵ وەرگەڕانم بۆ نێو ژوورەکە خشەخشێک لەلای لەنتەرەکەوە دێت. وەکوو خشەی کاغەزێک. تارمایەک لەلای لەنتەرەکەوە دیارە بەڵام من هیچ خۆمی لێ نادەم. بە دزیەوە بۆی دەڕوانم و تێدەپەڕم بۆ ژوور سەری. "بێگومان خۆیانن. بەڵام ئێرەیان چۆن دۆزیوەتەوە؟ لەم چۆڵگەیە!" شڵەژاوم. لە کاتی ئامادەکردنی چەکەکم دەستم جوان دیارە کە دەلەرزێ. چەکەکە لەوانەیە کە دەستم داکەوێ. دێمەوە بۆ نێو ژوورەکە و لە تەنیشت لەنتەرەکە دادەنیشم. خەریکە ئەو کاغەزە دەخوێنێتەوە. ئاگایی لە من نییە. هەر سەریش هەڵناهێنێ. وەک بڵێی ئاگایی لە تەواو ئاکارم هەیە. ئێستا لە بەرامبەری دانیشتوومە. سەیرە ئەو تارماییە نە سێبەری هەیە و نە هیچی تر.

"تۆ کێی؟"

تەنیا دەنگی خۆم وەڵامم دەداتەوە. ڕوومەتی لێمەوە دیار نییە. تەنیا ئەوەی کە قژی ماشوبرنجییە. نازانم کێیە و وەبیرم نایەتەوە. هەیکەلیشی لە دانیشتندا دەرناکەوێ. بەڵام ئەو هەر تارماییەکە و هیچی تر. خوێندنەوەی ئەو کاغەزەی تەواو دەبێ و دایدەنێتە سەر عەرز. دووبارە هەڵی دەگرێتەوە و دووبارە دەخوێنێتەوە. نازانم ئەو کاغەزە چی تێدا

نووسراوە بەڵام ڕوومەتی پەیتاپەیتا بە خوێندنەوەی تێک دەچێ. دووبارە دەیخاتە سەر عەرز. چاو دەبڕێتە نێو گڕی لەنتەرەکە. جگەرەیەک دادەگیرسێنێ. چەکەکەم دێنمە پێش خۆم دایدەنێم وا کە شەوقی لەنتەرەکە جوانتر دەینوێنێ. دوایی بینینی چەکەکە چاوی هەڵدێنێ و لێم دەڕوانێ. تەنیا بە چاو.

"ئێرەت چۆن دۆزیوەتۆ؟"

هێشتا بێدەنگی زاڵە. هەمووگیانم نوقمی ئارەقە. تاکەی بێدەنگ دەبێ. هەروا بۆ نێو لەنتەرەکە دەڕوانێ. نازانم کێیە و بۆچی هاتووە تەنیا ترسم ئەوەیە کە لەوان بێ. ترسم ئەوەیە کە لە دارودەستەی عەبە بێ.

لە ناکاو لەگەڵ هەناسەهەڵکیشانێکی قووڵ دا سەرهەڵدێنێ و لێم دەڕوانێ. دەیەوێ شتێک بڵێ. یەک بە خۆم ڕادەچڵەکم. دەیناسمەوە. پیاوێکی قژ ماشوبرنجی. دنکەدنکەی تاڵەسپییەکانی سەری بە شەوقی لەنتەرەکە دەدرەوشێنەوە. ڕدێنێکی ڕێک کراو کە سەرگۆنای خەریکە تووکەکەی دێتەوە. ڕدێنی سەرچەناکەی زۆری سپییە. ڕێک ئەو کابرایە وا لەگەڵ عەبە و دۆستانی هەڵدەپەڕی. عەبە پەیتا پەیتا لەبەردم ئەم دا دەوەستا و گۆرانییەکەی خاو دەکردەوە و بە دوور کەوتنەوە لی دووبارە کرژی دەکردەوە. عەبە کاتێک چووە نێو هەڵپەڕکێکە چووە دەستی ئەمەوە. وتی: "دەزانم"

پاش ئەم قسە سەری داخست و هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا پەیتاپەیتا قامکی پەلەپیتکەی دەجووڵایەوە. جارجار قامکی لەسەر پێڵاوەکانی و جارجاریش لە قولاپەی دەدا. لە درێژەدا وتی: باش وایە بڵێم دەزانین.

وتم: "چی دەزانن!؟"

سەرێکی هەڵێنا و ڕێک بۆ نێو چاوانم ڕوانی وا کە باش تێگەشتم مەبەستی چییە.

جگەرەکەم دەردێنم و دەچمە بەر پەنجەرەکە دەوەستم. دووبارە کزەی چاوم دێ. دووکەڵی جگەرەکە لە سەر چاوم کاریگەری هەیە. واقم وڕماوە. درگای ماڵەکەم داخستبوو. ڕێگای هاتو چۆ لە هیچ کوێوە نابێ. هیچ گڵۆپێکیشم ڕۆشن نەکردووە. بەڵام ئەم لە کوێوە هاتووە؟ تەنیا من و... دەزانین کە ماوەیەک لەمەپێش کەسانێک هەرلەبەردەرکەی ئەم ماڵەدا هەڵدەپەڕان. من دەمڕوانی و ئەویش خۆی هەڵدەپەڕی. هەر ئەو تارماییە وا لە چەند ڕۆژ پێش لەم ڕووداوەوە لێرەیە. واتە ئەم کابرا هەر ئەو تارماییەیە؟

شەوقی گڵۆپێک لە شوێنێکەوە خزیوەتە نێو ئەم ژوورەوە. تۆزێک لەو شەوقە کەوتەتە سەر پێم. ئاوڕ دەدەمەوە. بە تەواوی وەردەگەڕێم. لەوێ نەماوە. ڕەنگە چووبێتە ئەو

ژوورەوە. گڵۆپی ئەو ژوورە داگیرساوە. واتە کەسێک چۆتە ئەو ژوورەوە و گڵۆپەکەی داگیرساندووە بەڵام هیچ تەقەیەک بە گوێمدا نەهات... لەو ژوورەش نییە. نازانم چی بەسەر هات. دەمەوێ درگای ئەو ژوورە ببەستم. کە درگاکە دەکەیتەوە خوێن ڕژاوە و لەسەرترەوە کەسێک کەوتووە. خوێنەکە هی ئەوە. لەبەردرگاکەوە شوێن پێی کەسێک دیارە کە چۆتە نێو ئەو خوێنەوە و لە دەرکەی پشتەوە خۆی دەرباز کردووە و چۆتە لە پشت ماڵەکەوە دابەزیوەتە خوارۆ. لە قەراغ لەنتەرەکە کاغەزێک داکەوتووە. ڕێک لە جێگای ئەودا. هەڵی دەگرم و دەیخوێنمەوە. هەر هەمان نامەی فەرماندەیە بە خۆم. نامەکەی خۆم لە گیرفانمدا نەماوە. هەر هەمان نامەیە. بەڵام من خۆ هەر دەرم نەهێنابوو. "واتە ئەم کابرا خوێندوویەتیەوە و لە هەموو شت خەبەرداره. تەنیا من و ئەو دەزانین لە بەیانییەوە چ قەوماوە. دەبێ ئاگام لە زۆر شت هەبێ. ئەو بۆنە تا دێت زیاد دەکات. هەر کەس بە ئێرەدا ڕەت بێت خێرا هەستی پێ دەکات. تەنانەت لە لەشی خۆشمەوە دێت. بۆنێکی ناحەز وەکوو بۆنی کەلاک. دەبێ دەرکە و پەنجەرەی ئەو ژوورە ببەستم و بۆنی بۆ هیچ کوێ نەچێ. چەکەکەشم دەبێ لە شوێنێک گۆڕەوگوم کەم. هەر کەسێک لەمانەوە ڕەت بێت بە هەموو شت دەزانێ. دەبێ هەموو شت بشارمەوە تەنانەت جەستەی خۆمیش."

**پێدرام کەریمیان**



# بەتامی چیرۆک

**عەبدووڵڵا ئیسماعیلی:** "ئومێد لە ژیاندا زۆر کاریگەرە!"

شەڕکەرەکان بەتەواوی لە سەرکەوتن ناهومێد و هیوابراو ببوون؛ ئەمیر هێز پێی کوتن: ئەو دراوە هەڵداوێم، ئەگەر شێر هات سەردەکەوین و ئەگەر خەت هات تێک دەشکێین. ئەمیر هێز دراوەکەی هەڵاویشت شێرهات؛ هەراوهوریای شەڕکەران لەخۆشیان گەیشتە حەوا. ورەی شەڕکەران بەرزبۆوە و لە بەرامبەر دووژمندا سەرکەوتن.

دوای شەڕ ئەمیر هێز شەرکەرانی خڕکردەوە و دراوەکەی پێ نیشاندان. شەرکەران بەسەرسوورمانەوە دیتیان کە هەردووک ڕووی دراوەکە شێرە!

**بەستەڵەک:** دەیکوت کوڕێک بە دەوری کچێکدا دەهات و کچەش چ ڕووی نەدەدایە. ئەزقەزا هاوڕێیەکی ئەو کوڕە لەو کۆڵانەدا بوو کە ماڵی کچەی لێ بوو و بەهەڵکەوت لەگەڵ کچە نێوانی خۆش بوو. ڕۆژێک هاوڕێکەی بە کوڕەی کوت: ئەرێ جەماڵ زۆرت لەو دەورووبەرە دەبینم، چ باسە؟ کوتی: وەڵاهی چ ڕاست و چ درۆ دڵم بەو کچەی جیرانتانەوەیە و هەر قوونیشم تێ دەکا و گووم بە کڵاوان ناپێوێ! هاوڕێکەی کوتی: هەر بەبێ سواعبەت؟! دە ئەوە من دەچمە لای و تۆ بەوێدا وەرە.

کوڕە چووە لای کچە و جەماڵیش هێور هێور داگەڕا. دوور و نزیک بۆوە و کچە بە هاوڕێکەی کوت: وەڵاهی کاک فایق ئەو هەتیوە تەنگی پێ هەڵچنیوم، لەکۆڵم نابێتەوە، هەها دیسان هات لەژێڵڵا. کوتی: بۆ؟! کوتی: وەڵا نازانم ئەو پیسە، دەڵێ شووم پێ بکە! کوڕە کوتی ئامان شووی پێ نەکەی بەخودا قەباحەتێکە ک....ی دەڵێی دەسکە تەورە! کچە کوتی ئەیرۆ و چۆوە ژووری!

فایق جەماڵی بانگ کرد و کوتی: سبەی شەو بنێرە خوازبێنی، شووت پێ دەکا!

ناردی و شووی پێ کرد و گوێزراوە.

ماوەیەک بەسەردا هات و فایق تووشی کچە بوو و کوتی: مامە جەماڵ چۆنە، کوڕی چاکە؟ کوتی: وەڵا خۆ کوڕی چاکە، ئەمان وەک تۆش دەتکوت وا نییە!

**هێمن دیبا:**

کابرایەک خەڵکی باشووری کوردستانە و هاوڕێی ئاشنایەکمە، ئەو هاوڕێیەم بەسەرهاتێکی ئەو کابرایەی بۆ گێڕامەوە:

کاک ڕەنج سێ ئاوالزاوای دەبێ، بۆ دانیشتنی ئێواریەک، بە سیانان دەچن بۆ ماڵی کاک ڕەنج، ژنی کاک ڕەنج بانگی ڕەنج دەکا و پێی دەڵێ: ئابڕوومان دەچێ خۆ شەکرمان نەماوە تا لەگەڵ چایەکە بۆ میوانەکانی بەرم، کاکە ڕەنجیش کە زیرەک دەبێ بە گوڵستانی ژنی دەڵێ: خەمت نەبێ ئێستا چاکی دەکەم، کەشەفە چایەی دەست دەداتێ و دەیبا بۆ ژووری میوانان و دەڵێ: سوورپڕایز...سوورپڕایز برادەران، خاتوو گوڵستان دانەیەک لە چایەکانی شیرین نەکردووە، بە دڵی خۆتان ئیستیکانێک چا هەڵبگرن، چای هەر کامتان تاڵ بوو، ئەوە بۆ سبەی شەو بۆ شام لەوێ بانگهێشت دەکرێین!

چایەکانیان خواردەوە و کەس باسی تاڵیی چای نەکرد، تەنانەت مام فایق کوتبووی: جا باشە براژن، ئەوە زێڕتان دیوەتەوە ئاوا ئەو حەمۆ شەکرەت لەو چایەی من کردووە، نەتدەزانی من نەخۆشیی شەکرەم هەیە!

**ناسر عەبدووڵلاهی:**

ئەوە ژن و مێردێک لەنێو پێخەفدا تێ خزاون و وەک ماری ئاشقە و ماشقە تێک هاڵاون و بە وردە ماچان لێک ڕادەمووسێن. پیاوە چۆکی بە نێوگەڵی ژنەدا دێنێ و دەبا. ماوەیەک بەم شێوەیە ڕادەبرێ؛ لەپڕ ژنە دێتە جواب و دەڵێ: ئەرێ پیاوەکە دە دایگرە مەعتەلی چیی!

کابرا دەڵێ: کچێ غەزەب چ داگرم! چۆکمە چۆک، ئەوە کوا دەچێ؟!

ژنە دەستێک بە چۆکی کابرادا دێنێ و دەڵێ:

کوڕە خۆ زۆریش ئەستوور نییە، لە بەختی ڕەشی منە بۆیە ناچێ!

**کامران نەبیزادە:**

میرزا کەریم دووکانداری ئاواییەکەمان بوو کە نەقڵی شت فرۆشتن و کڕینی زۆرن.

سـامان کوڕێکی هار و قسـەزل بوو کە بۆ پشـووی هاوینان دەهاتە ماڵی باپیری. سـووری هاوینێ ئیشتیای پرتەقاڵ دەکا و دەچێ بۆ دووکانی میرزا کەریم؛

- سڵاو میرزا کەریم!

- فەرموو سامان چت دەوێ؟

- مام میرزا پترەقاڵم دەوێ

- بەرخم، لەپێشدا پترەقاڵ نا و پرتەقاڵ، دواییش نیمانە، بەو هاوینەی پرتەقاڵ کوا پرتەقاڵ!

سـامان دەڕوا، بەڵام دەسـت هەڵ ناگرێ و بۆ سـبەینێ و دوو سـبەی و سـێ سـبەی هەر دەچێتەوە لای میرزا کەریم و داوای پترەقاڵ دەکا، وەڵامی میرزا کەریمیش هەر قسـەی پێشوو دەبێ.

بۆ ڕۆژی چوارەم کە سـامان دەچێتە دووکان، میرزا کەریم شـوژنێکی بە دەسـتەوەیە و خەریکی دروونی تەلیسە گەنمە. وەک پێشوو داواکەی دووپات دەکاتەوە. ئیدی مام میرزا تووڕە دەبێ و دەڵێ تووتکە سـەگ جارێکی دی بێی و بیڵێیەوە بەو شـووژنەی هەر دوو چاوت دەردێنم، هەڵی نەتبینمەوە.

سامان هەڵدێ، بەڵام سبەینێ دیسان دەچێتەوە دووکان و دەڵێ: کاک میرزا شووژنت هەیە؟

میرزا کەریم زۆری پێ سەیر دەبێ، دەڵێ: نا شووژنم نییە.

ئەوجار سامان دەڵێ: داجا پترەقالێکم دەیە!

سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک": کاناڵی تیلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"

# خەیانەت بە زمانی دایکی:

**«ئازار»**

نووسین و گەیاندنی پەیام بە نووسراوە و شێواز و زمانی نووسین، لە کۆنەوە بە یەکێک لە هێماکانی ڕادەی زانست و تێگەیشتوویی مرۆڤەکان هەژمار کراوە.

لە ڕابردوودا نامە نووسین بە کارێکی گرینگ وەسف دەکرا. چینی بێسەواد و نەخوێندەوار لەم بووارەدا دەنگێکیان نەبوو بەڵام لە حوجرە و دیوەخان و قوتابخانەکاندا هەمیشە بە نووسین و دەستخەت و شێوازی داڕشتنی پەیامی نامەکان وەک پەڕی براوەی کەسەکان ناودێر دەکران. بۆ وێنە کاتێک خوالێخۆشبوو حەزرەتی "مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان" بۆ زانا و بلیمەت، جەنابی مامۆستا "هەژار" نامەیەک دەنووسێ لە ژێر ناونیشانی [ لە مەهابادەوە بۆ کەرەج ] و لۆمەی جەنابیان دەکا بۆ وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام،

مامۆستا هەژار پتر لە ١٠ جار لە شەو و ڕۆژێکدا نامەکەی مامۆستا دەخوێنێتەوە.

کاتێک کاک ماجد مەردوخی لە مامۆستا هەژار دەپرسێ: مامۆستا ئەو نامەیە هەمووی لۆمەیە و هیچی تێدا نییە کە لێی بگەڕێی، بۆ هەر دەیخوێنیەوە؟

مامۆستا دەفەرموێ: سەیرم لە باسەوادی و قەڵەمی مەلا عەبدوڵڵا دێ، بەڕاستی چۆنی زانیوە ئەو وشانە لە پەنای یەک ڕیز بکا؟

ئەوە ئاماژە بە گرینگی و حورمەتی زمان و نووسین دەکا لە لای بەرزە پیاوانی ڕابردوومان.

هەڵەی نووسین هەموو کات لۆمە کراوە و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی مامۆستایانی زمانەوانی بەوردی وشەکان دابەش یان لەت لەت بکەن تا شێوازێکی ستاندراد و بەرۆژ بێتە ئاراوە.

ئەو هەموو ماندوویەتی و شەونخونیانەی پێشینیان و مامۆستایانی ئەمڕۆ بۆ زمان و نووسین کێشاویانە تەنیا بۆ نیشتیمان و بەرەی ئەمڕۆ و داهاتووە.

ئەو بەرەڵڵاییەتی و بێسەرەوبەرەیەتییەی کە ئەمڕۆ لە شێوازی نووسیندا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و شەقام و جارجار لەسەر شوشەی دوکان و بازاڕەکان دەیبینین خۆرەیەکە کە ئەگەر هەموو دەست لە دەست لە پێشی پێ نەگرین هەموومان قووت دەدا.

کەم نین ئەوانەی لەپێناو ئەم زمانەدا لە بەندیخانەکان ئازار و ئەشکەنجە دراون.

ئەمڕۆ ئەو هەلەی کە بتوانین ڕێنووسی زمانی خۆمان فێر بین و بینووسین و لە بەکارهێنانی شێوازی ناحەز و نەشیاوی ڕێزمانی فارسی و عەرەبی بۆ نووسینی پەیامی خۆمان کەڵک وەرنەگرین، هەڵکەوتووە.

کوردی نووسین [ تەنانەت یەک وشە ] بە ڕێزمانی غەیری کوردی خەیانەتە بە زمان و کلتوور، خەیانەتە بە ماندوویەتی و شەونەخونییەکانی مامۆستایانی کۆن و نوێ. خەیانەتە بە زمانی دایک.

**کاوە شەمسی**



**<u>لە بڵاوکراوەکانی لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم:</u>**

© 2018


GO!
Find